# جوڵە و ئاماژەکانی سەر و لێکدانەوەیان بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان

**مەریوان ئەسعەد سەمەد** بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** Mariwan.asad@koyauniversity.org

**نەوزاد ئەنوەر عمر** بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** Nawzad.anwer@koyauniversity.org

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (جوڵە و ئاماژەکانی سەر و لێکدانەوەیان بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان) هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی واتاو ئاماژەی جوڵە جەستەییەکانی (سەر)، واتاو دەلالەتاکانی جوڵە و ئاماژەکانی ئەو ئەندامەی لەشی مرۆڤ بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان لێکدراونەتەوە. ئەم تیۆرە بەیەکێک لە تیۆرییەکانی لێکدانەوەی ئاخاوتنی دەنگی و جوڵە جەستەییە واتادارەکان دادەنرێت لە زانستی زماندا. جوڵە و ئاماژەکانی سەر وەک بەشێک لە دەربڕینە نازمانییەکان یاخود پەیوەندییە گۆنەکراوەکان ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاو دەبینن لە کردەی پەیوەندی و گەیاندنی واتا و مەبەستەکان، کە ئاخێوەر یاخود ئەو کەسەی دەیەوێت پەیامێک ئاڕاستەی کەسی بەرانبەر یاخود کۆمەڵە کەسێکی بکات، چ بەیارمەتی توخمە دەنگییەکان و چ بەتەنیا و بەبێ بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکان ئەرکەکە دەبینێ. ئێمە لێرەدا جوڵە و ئاماژەکانی یەکێک لە ئەندامەکانی جەستە (سەر)مان وەرگرتوە و لێکدانەوەمان بۆ واتا و دەلالەتاکانی ئەو ئاماژە و جوڵانە کردوە، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئامانجی جوڵەکە یاخود کردەی مەبەستەکەی بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان.

**کلیلە وشەکان:** کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ، زمانی جەستە، کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ، سەر، کردەی مەبەست.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## پێشەکی:

تیۆری کردە قسەییەکان، کە بە یەکێک لە کەتیگۆرییەکانی زانستی پڕاگماتیک دادەنرێت، تیۆرییەکی گرینگە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئاخاوتن، کە پێیوایە خودی قسەش کردارە و ئاخێوەر ئەنجامی دەدات، ئەم بۆچونەش لە ئێستادا وەکو لقێکی گرینگی زانستی پڕاگماتیک سەیردەکرێت و لە لێکدانەوەی ئاخاوتنەکان پشتی پێدەبەسترێت.

سەر بە یەکێک لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ دادەنرێت، جیا لە کاری بایۆلۆژی خۆی، بەشێک لە ئەندامەکانی ئاخاوتن لەخۆدەگرێت، زۆرجاریش بەشداری دەکات لە دەربڕینە نازمانییەکان و جوڵە و ئاماژەکانی لەگەڵ دەربڕینە زمانییەکان و هەندێکجار بەتەنیا واتا دەبەخشن.

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی لە دو بەش و پێشەکی پێکهاتوە و لە کۆتاییشدا پاشکۆی وێنەکان دانراون و ئەنجامەکانیش لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕو.

**بەشی یەکەمی** توێژینەوەکە تایبەتکراوە بە تیۆری کردە قسەییەکان و مێژوی سەرهەڵدانی زانستەکە و مەرجەکانیمان خستۆتەڕو. پاشان چەند پۆلینێکی جیاوازمان بۆ جۆرەکانی ئەم تیۆرییە دەستنیشان کردوە.

**بەشی دوەمی** توێژینەوەکە تایبەت کراوە بەڕۆڵی سەر لە دەربڕینە نازمانییەکان و بەشێوەیەکی پڕاکتیکی جوڵەکانی سەرمان وەرگرتوە و بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان شیکردنەوەمان بۆ کردوە، لەگەڵ دەستنیشان کردنی مەبەستی جوڵە و ئاماژەکە. لەکۆتایشدا ئەنجامەکان لەچەند خاڵێک خراونەتەڕو، لەگەڵ پاشکۆی وێنەکان.

## ناونیشانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە دەربارەی بابەتێکی گرینگی زانستی زمانی (کارەکی) و پڕاگماتیکە بە ناونیشانی (جوڵە و ئاماژەکانی سەر و لێکدانەوەیان بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان).

## سنورو کەرەستەی توێژینەوە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی جوڵە و ئاماژەکانی سەری مرۆڤە، کە تیایدا ئاماژە و جوڵەکانمان وەرگرتوە و بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان لێکدانەوەمان بۆ کردوە، کەرەستەی توێژینەوەکەش بریتییە لە ئاماژە و جوڵەکانی سەر.

## گرینگی توێژینەوە:

توێژینەوەکە گرینگییەکی زۆری هەیە لە کارکردن لە بواری تیۆری کردە قسەییەکان و ئاماژە و جوڵەکانی سەر، هەروەها دەستنیشانکردنی جۆر و شێوازی جوڵەکە، لەگەڵ دیاریکردنی مەبەست و ئامانج لە ئەنجامدانی ئاماژە یاخود جوڵە جەستەییەکە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## گیروگرفتی توێژینەوە:

کاتێک توێژینەوە یاخود بەدواداچون بۆ هەر بابەتێک دەکەیت کۆمەڵێک کێشەو ئاستەنگ دێنەڕێی توێژەر، کە پێویستە توێژەر بەشێوەیەکی زانستی و دروست مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، گرفتی ئەم باسەش بریتییە لە جیاوازی واتای ئاماژەکان لە کۆمەڵگا و کلتورە جیاوازەکاندا، هەروەها ناڕونی واتای هەندێک لە ئاماژە و جوڵەکان.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

هەڵبژاردنی میتۆد یاخود ڕێبازی توێژینەوەکەش لایەنێکی گرینگی توێژینەوەیە، ئێمە لێرەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریمان بەکارهێناوە.

## بەشی یەکەم

### ١ـ١ مێژوی سەرهەڵدانی تیۆری کردە قسەییەکان:

تیۆری کردە قسەییەکان، کە بەبەشێک دادەنرێت لە زانستی پراگماتیک، هەرچەندە مێژوییەکی کۆنی نییە، لەچاو مێژوی لێکۆڵینەوە زمانییەکانی تردا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرییە بەهەمان شێوەی زانستەکانی تر مێژوی سەرهەڵدانی خۆی هەیە و بەچەند قۆناغێکدا تێپەربوە و بەرەوپێشچونی بەخۆیەوە دیوە، تا گەیشتوە بە ڕۆژگاری ئەمڕۆ. لەڕوی مێژوییەوە (تیۆری کردە قسەییەکان مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (ئۆستن "J.L. Austin")، ئەو وانانەی وەکو مامۆستا لە زانکۆی هارڤارد لە ساڵی (١٩٥٥) گوتویەتییەوە و دواتر لە کتێبێکدا بە ناوینیشانی (چۆن کارەکانت بە قسە ئەنجام دەدەیت) بڵاوکرایەوە، پاشان (جۆن سیرل "John. R. Searle") و کۆمەڵێک کەسی تر، کە لە بواری پراگماتیکدا کاریان دەکرد هەستان بە بەرەوپێشبردنی ئەم تیۆرییە لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکاندا).(یونس، ٢٠٠٤: ٣٤)، دەکرێ بڵێین (ئۆستن "J.L. Austin") بە دامەزرێنەری ئەم تیۆرییە دادەنرێت، هەرچەندە خۆی تەنیا وەکو وانە لە (زانکۆی هارڤارد University of Harvard) بابەتەکانی شیکردۆتەوە و شرۆڤەی کردون، بەڵام دەکرێ ئەم شیکردنەوانە بکرێن بە بنەمایەک بۆ سەرهەڵدانی تیۆرییەکە و دواتر بەرەوپێشبردنی. (فەیلەسوفی زمانەوانی ئینگلیزی (ئۆستن)، کە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٢ـ١٩٥٤) لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و پاشان لە ساڵی (١٩٥٥) لە زانکۆی هارڤارد وانەی گوتۆتەوە و پاشان وانەکانی دوای مردنی خۆی کۆکراوەتەوە و لە ساڵی (١٩٦٢) کراوە بە کتێبێک بە ناونیشانی (چۆن کارەکانت بە قسە ئەنجام دەدەیت)(How to do things with Words) بیروبۆچونی (ئۆستن) لە دو خاڵی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە:

١ـ ڕەتکردنەوەی دوانەی ڕاستی و درۆ.

٢ـ بڕیاردان لەوەی هەمو قسەیەک گوزارشتە لە کارێک.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ئۆستن لە دانانی تیۆرییەکەیدا کاریگەربوە بە فەیلەسوفی نەمساوی (لۆدفیگ ویتگنشتاین "Wittgenestien") (١٨٨٩ـ ١٩٥١)ز، بە فەلسەفەکەی ئەو کاریگەربوە) (جلولی، ٢٠١١: ٥٦ـ٥٧). وانەکانی ئۆستن دەکرێ وەکو بنەمایەک بۆ سەرهەڵدانی ئەم تیۆرییە سەیربکرێت و پشتی پێ ببەسترێت. لێکۆڵینەوەکانی (ئۆستن "Austin") بون بە بنەمایەک بۆ زۆربەی لێکۆڵەرە زمانەوانییەکانی دوای خۆی لەوانە: (سیریل "Searle")، (دیکرۆ "Ducrot")، (بیرندونر "Berrendonner") و (گرایس "Grice"))(مدور، ٢٠١٤: ٨)، واتە دەکرێ (ئۆستن) بە دامەزرێنەری ئەم تیۆرییە دابنرێت و مێژوی سەرهەڵدانیشی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە (چاکەی ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ (ئۆستن) دەگەڕێتەوە، پاشان (سیرێل) لە ساڵانی دواتر بایەخی پێدا)(بوزوادە، ٢٠١٣: ٢١٨). ئۆستن بۆچونێکی جیاوازی هەبو بۆ زمان و وا سەیری زمانی دەکرد، کە (ئەرکی زمان تەنیا گەیاندنی زانیاری و ئەنجامدانی پەیوەندی و گوزارشت (تعبیر)کردن لە بیروبۆچونەکان نییە، بەڵکو دامەزراوەیەکە، کە هەڵدەستێت بە گۆڕینی قسە بۆ کردار لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەیدا، بۆنمونە کاتێک قازی دەڵێت: (دانیشتنەکەم دەستپێکرد) بەواتای ئەنجامدانی کارێک دێت، کە ئەویش دەستپێکردنی دانیشتنەکەیە).(عبدالسلام، ٢٠١٤: ١٠٧). هەروەها سەبارەت بە کردەی قسەیی ئۆستن ئاماژە بەوە دەکات، کە (کردەی قسەیی دەکرێت یەک وشە بێت، وەک: ببورە، یاخود دەکرێ ڕستەیەک بێت، وەک: داوای لێبوردن دەکەم، کە دواکەوتم. کتێبەکەی تۆم لەبیر کرد...هتد، یاخود هەندێکجار زمانی جەستە و هێما و ئاماژەی نازمانی بەکاردێت بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستی قسەکەر، کە هەمو ئەمانە زمانە و لەخزمەتی دروستکردنی پەیوەندیدان لە نێوان تاکەکان)(Alzeebaree and Yavuz, 2017: 7314) هەرچەندە لە سەرەتادا لێکۆڵینەوەکان زیاتر لایەنی فەلسەفی دەگرتەوە و کەمتر وەکو سەربەخۆ سەیردەکرا (ئەوەی ئاشکرایە و بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە، کە سەرەتای ئەم تیۆرە زیاتر لایەنی فەلسەفیبو، چونکە لەسەرەتادا بەشێوەیەکی تەواو وابەستەی فەلسەفەی زمانیبو، و پاڵنەری سەرەکی لە لێکۆڵینەوەکانیان گەیشتن بو بەوەی کە زمان بۆ گەیشتنە بە تێگەیشتنی باشتر لە کاری بیر(ذهن) دا).(سمیة و کلثوم، ٢٠١٧: ٧) هەرچەندە بەشێکی تر چاکەی زانستەکە بۆ (سیرل) دەگەڕێننەوە بەجۆرێک کە بەشێک لە زمانەوانەکان بەدامەزرێنەری تیۆرییەکە دایدەنێن (دەکرێ بگوترێت (ج.ر.سیرل) دامەزرێنەری لایەنی مەنهەجیەتی تیۆری کردەی قسەیی و دانەری یاسا و ڕێساکانیەتی و ڕۆڵی بەرچاوی لە بەرەوپێشبردن و شیکردنەوەی بیروبۆچونەکانی (ئۆستن)دا هەیە).(جلولی، ٢٠١١: ٦٠)، سیرێل ڕۆڵێکی گرینگی هەبو لە بەرەوپێشبردنی لێکۆڵینەوەکان و دانانی بنەماکان بۆ ئەم تیۆرییە و سەرەڕای بەرەوپێشبردنی بۆچونەکانی مامۆستاکەی (ئۆستن) خۆشی چەندین شتی نوێی خستە ناو تیۆرییەکە و زیاتر لێکۆڵینەوەی دەربارەی بابەتەکان کرد و پەرەی بە تیۆرییەکە دا، دواتر وردەوردە لێکۆڵینەوەکانی بواری پراگماتیک و کردە قسەییەکان بەرەوپێش چونیان بەخۆوەبینی و تیۆرییەکە جێگەی خۆی کردەوە و بو بەبەشێک لە لێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## ٢ـ١ تیۆری کردە قسەییەکان:

پڕاگماتیک زانستێکی تازەیەک نوێیە لەچاو لقەکانی تری لێکۆڵینەوە زمانییەکان، ئەم لقە کاتێک سەریهەڵدا، کە لێکۆڵینەوە سیمانتیکییەکان نەیانتوانی چارەسەری هەندێک کێشەی زمانی بکەن، لەوانە هەندێک بابەتی واتایی یاخود دیاردەی زمانی سەریهەڵدا، کە بەهیچ شێوەیەک نەدەتواندرا بە سیمانتیک لێکبدرێتەوە...هتد. بۆیە زمانەوانەکان بایەخیان بەلایەنێکی تری واتادا، کە ئەویش پڕاگماتیک بو. لە ڕوی زاراوەوە (پڕاگماتیک لە زاراوەی (Pragma)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای کردار (عمل) دێت، ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن (چارلز ساندرز پیرس)ی واتاناسی ئەمریکی بەکارهات).(حاتمی نژاد، بدون سال: ٢٥). هەرچەندە بەشێکی تر لە لێکۆڵەرەوانی بواری زمان بەکارهێنانی زاراوەکە لە بواری لێکۆڵینەوە زمانییەکان لەسەرەتادا بۆ (چارلز مۆریس) دەگەڕێننەوە. (دەکرێت بڵێین داهێنەری وشەی پڕاگماتیک (چارلز پیرس)ە، بەڵام لە لایەن خوێندکارەکەی، کە ناوی (چارلز مۆریس) بو هێنرایە ناو لێکۆڵینەوەی زمانی) (https://ar.wikipedia.org/wiki/تداوليات) زاراوەکە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی (زاراوەی پڕاگماتیکی یۆنانی بەرانبەر وشەی (act)ی ئینگلیزییە، ئەمەش بەواتای کردەیی (عملی) دێت)(https://en.wikipedia.org/wiki/Pragmatics ) سەبارەت بە گرینگی و بایەخی پڕاگماتیک لە لێکۆڵینەوەی زمانیدا (زانستی پڕاگماتیک گرینگییەکی زۆری لە لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا هەیە و هیچی لە لایەنەکانی تری زمان کەمتر نییە) (طبری، ١٣٨٣: ١٨). یەکێک لە کەتیگۆرییەکان، کە لە زانستی پڕاگماتیکدا سەریهەڵدا تیۆری کردە قسەییەکان بو، بەپێی ئەم تیۆرە خودی قسەش بەکردار دادەنرێت. (سیرێل ئاماژە بەوە دەکات، کە مرۆڤ کاتێک قسە دەکات یاخود ئاخاوتنێک دەردەبڕێت کردەیەکی ئەنجام داوە)(Drid, 2018: 6 ) لەڕوی زاراوەییەوە کردە قسەییەکان (کردە قسەییەکان لە زاراوەی (Theory Speech Act)ی ئینگلیزی، یاخود دەربڕینە فەڕەنسییەکەی (La theorie des actes de parole) وەرگیراوە، لە زمانی عەرەبیدا بە تیۆری ڕودانی قسەیی (نظرية الحدث اللغوي) و تیۆری کردەی قسەیی (نظرية الفعل الكلامي) ناودەبرێت) (جلولی، ٢٠١١: ٥٦)، کردە قسەییەکان چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، لەوانە: (کردە قسەییەکان: بریتییە لە کرداری گوتنی شتێک، کە مەبەست لە کردارەکە گوتنەکەیە).(حلیمة، ٢٠١٨: ٢٨) (کردە قسەییەکان بریتییە لە ڕاپەڕاندنی کارەکان بە قسە، واتە لە نەبونەوە دەیهێنینە بون بەگوێرەی بارودۆخ و ئەو کاتەی قسەکەی تێدادەکرێت).(مدور، ٢٠١٤: ٣٩) دەکرێ بڵێین پێناسەکان لە یەک نزیکن و خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە. (دلخۆش جاراللە) بەمشێوەیە پێناسەی کردە قسەییەکان دەکات (کردە قسەییەکان: بریتییە لەتوانای دەربڕینەکان، بۆ ئەنجامدانی کردار و کاریگەری لەسەریان، ئامانجی دەربڕینی ڕاستەوخۆ و لە هەندێک باردا ناڕاستەوخۆیە) هەروەها ئاماژە بە دەربڕینێکی (مالینۆفسکی) دەکات، کە پێیوایە: (زمان هۆکارێکە لە هۆکارەکانی کردار، نەوەک ئامرازی ئاواتخوازی (التأمل) بێت).(حسین دزەیی، ٢٠١٧: ٢٥١) یەکێکی تر لە پێناسەکانی کردە قسەییەکان (بریتییە لە دەرکردنی کۆمەڵێک دەنگی دیاریکراو، بەهۆی ئامرازەکانی ئاخاوتنەوە، ئەم کردارەش بە ڕەگەزێکی گرینگی کردەی قسەیی دادەنرێت).(بن عودة، ٢٠١٢: ٧٥)، (کردەی قسەیی بریتییە لە دەربڕینی کۆمەڵە دەنگ یاخود وشەیەک، واتە ڕودانی دەربڕینی دەنگی، کە تایبەتن بە فەرهەنگێکی زمانی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

دیاریکراو و پەیوەست پێوەی).(اوستین، ١٩٩١: ١١٦) واتە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین کردە قسەییەکان کۆمەڵێک دەربڕینی زمانین، کە بۆ ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکەکان دەردەبڕێن و دەبنە هۆکار بۆ جێبەجێکردن یاخود ئەنجامدانی کارێک یاخود ئەرکێک، بەپێی ئەم تیۆرە خودی قسەکردنیش بەکردار دادەنرێت (بنەمای سەرەکی تیۆرییەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئۆستن ئاماژە بەوە دەکات کە قسە بەشێکە لە کردار) (Darweesh ٦: 127 and Mehdi, 201 ) دواتر ( "John Searle" جۆن سیرێل) کە قوتابی (ئۆستن) بو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد پەرەی بەو بۆچونەی مامۆستاکەی (ئۆستن) دا و کاری لەسەر کرد. (Ambroise, 2010: 4) هەندێک پێیانوایە ئەم تیۆرییە بۆ هەمو جۆرە پەیوەندییەکان ڕاستە و دەکرێ سودی لێ ببینرێت، جا پەیوەندییەکە پەروەردەیی یاخود کۆمەڵایەتی یانیش هەر بوارێکیتر بێت (تیۆری کردە قسەییەکان بەسەر هەمو پەیوەندییە مرۆییەکاندا پەیڕەودەکرێت) (Gasparataua, 2018: 3) واتە ئەم تیۆرییە خودی دەربڕینیش بە کردار ئەژماردەکات و پێیوایە ئەو کەسەی ئاخاوتنەکە دەردەبڕێت کردارێکی ئەنجام داوە، جیا لەو کاردانەوەیەی، کە لە ئەنجامی ئاخاوتنەکەوە دێتە ئاراوە.

تیۆری کردە قسەییەکان وەکو هەمو زانستەکانی تر بنەما و خاڵی کارکردنی خۆی هەیە. (محەمەد معروف) دو بنەمای سەرەکی دەستنیشان دەکات و پێیوایە ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشتیان پێدەبەستێت ئەوانیش:

١ـ هەمو گوتنێک بۆ ئەنجامدانی نیاز و مەبەستی قسەکەرە.

٢ـ وەسفی بارودۆخ، یەکێکە لە ئەرکەکانی گوتن، بەڵام تاکە ئەرک نییە، وەک:

**ـ ژورەکە گەورەیە.**

مەبەستی دیکە هەیە لە وەسفی ژورەکەدا، مەبەستە سەرەکییەکانی ئەوەیە:

– با لێرەدا نەخوێنین.

– ژورەکە بە کەڵکی خوێندن نایێ.

– ژمارەی خوێندکارەکان زۆرن.

واتە بەپێی ئاخاوتن، یان مەبەستەکە، واتای دەگۆڕێ. (فەتاح، ٢٠١١: ٢٠٧)

(ئۆستن "Austin)، کە بەدامەزرێنەری تیۆرییەکە دادەنرێت، پێیوایە قسەکەر لە ئاخاوتن و دواندا سێ کردە ئەنجام دەدات، ئەوانیش:

## ١ـ کردەی گوتن یاخود کردەی دەربڕین یان کردەی زمانی Locutionary act:

کردەی گۆکردن و دەربڕینی ئاخاوتنەکانە، کە بەشێوەیەکی دروستی ڕێزمانی تایبەت بەزمانەکە دەربڕابن، ئەم دەربڕینانە پێویستە بۆ زمانێکی دیاریکراو بگەڕێنەوە و واتادار بن، ئەم کردەیەش لەگەڵ دەربڕینەکەدا ڕودەدات، چونکە خودی دەربڕینەکە دەبێت بە کردەکە. (جلولی، ٢٠١١: ٥٩) دەربڕین یاخود ئاخاوتنەکە دەبێت لە چوارچێوەی یاساکانی زمانێک بن و واتا بگەیەنن و بەپێی ڕێزمانی زمانەکە دەربڕابن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## ٢ـ كردەی مەبەست illocutionary act:

كردەی مەبەست، مەبەست یاخود ئامانجی دەربڕینەكە دەگرێتەوە، كە قسەكەر مەبەستییەتی. ئەو مەبەستەی كە قسەكەر دەیەوێ بیگەیەنێت بە گوێگر، هەڕەشە بێت یان پێشوازی یان پۆزش هێنانەوە یان ئاگاداركردنەوە...هتد.

**ـ دەمانچەكە لەسەرپێیە.** (نەسیحەت، هەڕەشە، یاخود ئاگادار كردنەوە)یە.

**ـ بەداخەوە** (واتای نییە، ئەركی هەیە، پۆزش هێنانەوەیە).(فەتاح، ٢٠١٠: ٢٠٨)

واتە ئەم كردەیە مەبەستی قسە یاخود دەربڕینەكە دەگرێتەوە. كردەی مەبەست كاردانەوە لای وەرگر دەگەیەنێت، ئەمەش دەچێتە دەرەوەی پشكنینی واتا و زمان، چونكە مامەڵە لەگەڵ هۆ و ئەنجام دەكرێت، وەک كاریگەری وشە لەسەر ڕازیكردنی كەسێک، ئەمەش پەیوەندی بە بنەمای دەرونی و كۆمەڵایەتی و...هتد هەیە.

## ٣ـ كردەی پاشكار Perlocutionary act:

ئەو ئەنجام یاخود كاریگەرییە دەگرێتەوە، كە دەربڕینەكە لەسەر گوێگر دروستی دەكات، جا چ كاریگەرییەكی جەستەیی بێت، وەكو ئەنجامدانی كارێک، یاخود كاریگەرییەكی دەرونی بێت، وەكو بیركردنەوە لە شتێک. بۆ نمونە كاتێک دەگوترێت (ئەم خانوە جنی تێدایە)، كاریگەری ئەو قسەیە لەسەر كەسی گوێگر ئاشكرا هەستی پێدەكرێت، جا ئەگەر بە نیازی كڕینی بێت یاخود بەكرێگرتنی، ئەوا پەشیمان دەبێتەوە.(جلولی، ٢٠١١: ٥٩). واتە پاشكار، هێنانەدی ئەنجامێكە لە گویگردا كە لە ئەنجامی قسەكە دەكەوێتەوە، بۆ نمونە: پاشكار لە ڕستەیەكی وەكو:

**ـ دەمانچەكە لەسەر پێیە.**

لەوانەیە ترس و شپرزەیی بێت لە گوێگردا، (پاشكار ڕێكەوتە، سودفەیە)، ناڕێكە و مەرج نییە بە ئارەزوی قسەكەر بێت، یان لەژێر دەسەڵاتیدا بێت، هەر لەبەر ئەمە پاشكار لە دەرەوەی واتاسازی و پڕاگماتیكە.

ئەم تیۆرییە لە ڕەخنە و كەموكوڕی بەدەر نییە، بەشێک لە ڕەخنەگران ئاماژە بەوە دەكەن، كە ئەم تیۆرە ڕۆڵی دەوروبەر و گرینگییەكەی پشتگوێ خستوە (دەوروبەر ڕۆڵێكی گرینگی لە كرداری قسەكردندا هەیە، بەڵام تیۆری كردە قسەییەكان ئەم ڕۆڵەی پشتگوێ خستوە، بۆیە دەكرێ بڵێین ئەم تیۆرییە سەركەوتو نەبوە)( Levinson, 1983 : 24٥) بەستنەوەی واتا بە سیاق و چوارچێوەی بەكارهێنانەوە ڕۆڵێكی گرینگی لە دەستنیشانكردن و ڕونكردنەوەی واتادا هەیە. ئەم تیۆرییە زیاتر گرینگی بەلایەنی كرداری زمان دەدات و زۆرجار ڕۆڵی كۆنتێكست پشتگوێ دەخات، كە ئەمەش پێچەوانەی ڕاستییەتی و دروستی لێكدانەوەی دەربڕین و ئاخاوتنە زمانییەكانە.(Smith, 1991: 33) سەرەڕای ڕەخنە و كەموكوڕییەكانی ئەم تیۆرە، لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێ بە یەكێک لە گرینگترین تیۆرییە زمانییەكان لە بواری پڕاگماتیكدا دابنرێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

### ٣ـ١ مەرجەكانی كردە قسەییەكان:

كردە قسەییەكان و ئەو بابەتانەی دێنە ناو لیكۆڵینەوەی كردە قسەییەكان، پێویستە هەڵگری هەندێک سیما و خاوەنی چەند مەرجێک بن بۆئەوەی كردەكە بەشێوەیەكی دروست بێتە ئەنجام دان. یەكێک لەوانە دەوروبەری گوتن یاخود كاتی ئاخاوتنە، كە ڕۆڵێكی گرینگی لە بەجێگەیاندنی كردەكان هەیە (لەكاتی لێكدانەوەی هەر گوتن یان هەر دەربڕینێک، كە بە مەبەستێكی دیاریكراو گۆكرابن، ئەوا گرینگە مەرجی شیاو (Conditions Felicity)، كە بەشدارییان كردوە لە پێكهێنانی گوتنەكە لەبەرچاوبگیرێن، دەوروبەری گوتن یەكێكە لە مەرجە گرینگەكان بۆ لێكدانەوەی گوتنەكە، هەروەها ئەو پەیوەندییە بەهێزەی، كە لە نێوان قسەكەر و پەیامەكەدا هەیە لەگەڵ ئەو بارەی كە گوتنەكەی تێدا بەرهەم هاتوە، ئەمانەش هەمویان مەرجن بۆ چۆنییەتی لێكدانەوەی واتای هەر گوتنێک، بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی فۆڕمی گوتنەكە) (محەمەد، ٢٠١٤: ٤٧)، دەوروبەر و ئەو بارودۆخەی ئاخاوتنەكەی تێدا ئەنجام دراوە و پەیوەندی نێوان قسەكەر لەگەڵ خودی پەیامەكە، هەمو ئەمانە گرینگن بۆ گەیشتن بە لێكدانەوەیەكی دروست بۆ ئاخاوتنەكە.(قەیس كاكل) سەبارەت بە مەرجی كردە قسەییەكان پێیوایە (بۆ ئەنجامدانی هەر كردەیەک دەبێ زەمینەیەكی لەبار و گونجاو بۆ كردەكە دروست ببێت و چەند خاڵ و مەرجێک گەلاڵە بن، چونكە پێویستی بە چوارچێوە و دەوروبەرێكی لەبار هەیە بۆئەوەی كردەكە ئەنجام بدرێت) (توفیق، ١٩٩٥: ٦٥)، واتە بونی زەمینەیەكی لەبار و دەوروبەری گونجاو مەرجێكی گرینگە بۆ هێنانەدی ئامانجی كردەكە. (ئۆستن "Austin") كە بە دامەزرێنەری تیۆرییەكە دادەنرێت، كۆمەڵێک مەرجی بۆ كردەی ڕاپەڕاندن داناوە گرینگترینیان:

١ـ پێویستە كەسەكان دیاریكراوبن، بارودۆخەكەش لەباربێت بۆ جێبەجێكردنی پرۆسەی ئەنجامدانی كردەیەک لەڕێی ئاخاوتنەوە.(محەمەد، ٢٠١٢: ٥٤) واتە دەتوانین بڵێین پێویستە قسەكەر و گوێگر لە یەكترتێبگەن، بۆئەوەی كردەكە جێبەجێبكرێت.

٢ـ دەبێت بار و كەس بگونجێت، بەتایبەتی لەكاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی قسەكردندا. (مەحمود، ٢٠٠٩: ٤١)

٣ـ دەبێت كەشوهەوا كۆمەڵایەتییەكە لای هەمو بەشداربوان بەشێوەیەكی ڕاست و دروست بەكاربێت.

٤ـ دەبێت ڕاپەڕاندنەكە بەتەواوی بچێتەسەر.

٥ـ دەبێت مەرجی ڕاستی (Sincerity) تێدابێت كارەكە و قسەكەر دەبێت مەبەستی باش بێت و بەشداربوانیش باوەڕی پێبكەن. (موشیر دزەیی، ٢٠١١: ٥٧ـ٥٨)

واتە دەكرێت ئەمانە وەكو مەرجی كردە قسەییەكان سەیربكرێن، كە (ئۆستن) دایناوە. لەلایەكی ترەوە (سێرڵ "Searle")، كە دەكرێت بە دامەزرێنەری بنەماكانی تیۆری كردە قسەییەكان دابنرێت، جیاواز لە (ئۆستن) كۆمەڵێک مەرج و ڕێسای تری بۆ كردە قسەییەكان داناوە و پێیوایە بۆئەوەی بابەتێک بتواندرێت بەیاسا و بنەماكانی كردە قسەییەكان لێی بكۆڵرێتەوە (سێرڵ لە كتێبەكەیدا بەناوی (كردە قسەییەكان، دەروازەیەک بۆ فەلسەفەی زمانی ١٩٦٩) دوای ئەوەی سودی لە وانەكانی مامۆستاكەی (ئۆستن) بینیوە، بە ئاماژەكردن بەوەی، كە واتا جۆرێكە لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

قسە، (سێرڵ) چەند یاسایەکی داناوە، کە وەکو مەرجی کردە قسەییەکان دەستنیشانی کردوە و پێیوایە بۆئەوەی بابەتێک بێتە ژێر باری ئەم تیۆرییە پێویستە ئەم مەرج و یاسایانە لەخۆبگرێت، ئەوانیش:

**١ـ یاسای ناوەڕۆکی هەواڵی (ناوەڕۆکی باسەکە):** مەبەست لەم یاسایە دیاریکردنی هەر جۆرە واتایەکە، کە دەلالەت لە لایەنی هەواڵی دەکات لە دەربڕینەکاندا.

**٢ـ واتای ئاماژەپێکراو:** ئەو واتایەی ئاماژەی پێدەکرێت لە دەربڕینەکاندا.

**٣ـ بەڵێن دان:** ڕوداوێکی داهاتو سەبارەت بە قسەکەر.

**٤ـ یاسای ئامادەکاری (پێشخراو):** مەبەست لێی دیاریکردنی مەرجی پێشەکییە، پێش قسەکردن و جێبەجێکردنی کارەکە.

**٥ـ بنەمای دەستپاکی:** واتە دیاریکردنی مەرجەکان، کە پێویستە بێنەدی لە جێبەجێکردنی کارەکە بە پاکی و بەوردی.

**٦ـ بنەمای سەرەکی ناوەرۆک (الجوهرية):** دیاریکردنی چۆنییەتی دانانی ئەوەی کە باوە و لە بەرژەوەندی گوێگرە.

لەم یاسایەنەوە (سێرڵ) پێیوایە: دەکرێ کردە قسەییەکان بەشێوەیەکی ئاسان لە بابەتەکانی تری لێکۆڵینەوە زمانییەکان جیا بکرێنەوە و دەستنیشانبکرێن بە پشت بەستن بەو بنەما و یاسایانەی دەستیشانی کردون.(قويدر، موقع آصوات الشمال).

هەرچەند جیاوازی لە نێوان ئەو مەرجانەی (ئۆستن) دایناوە و لەگەڵ ئەو مەرجانەی کە (سێرڵ) دایناون دەبینرێت، بەڵام دەتوانین بڵێین هەریەکێک لەوانە دەکرێ بە مەرج دابنرێت لە کردە قسەییەکان و ئەو بابەت و لێکۆڵینەوانەی دێنە ناو لێکۆڵینەوەکانی تیۆرییەکە.

## ٤ـ١ پۆلینکردنی کردە قسەییەکان:

هەر بابەت یاخود زانستێک کاتێک لە سەرەتادا سەرهەڵدەدات کۆمەڵێک ڕاوبۆچون دەگرێتە خۆی و پاشان وردەوردە بنەماکانی جێگیر دەبێت و لیکۆڵەرەوان دەتوانن پشتی پێ ببەستن لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، بەتێپەڕبونی کات شتی نوێی بۆ پەیدادەبێت و پۆلێنی جیاوازی بۆ دەکرێت، کردە قسەییەکانیش وەکو هەمو بابەتەکانی تر چەند جۆرێک دەگرێتەوەو چەند پۆلێنێکی جیاوازی بۆ کراوە. ئۆستن لە کتێبەکەیدا بەناوی (چۆن کارەکانت بە قسە ئەنجام دەدەیت) ئاماژە بە پۆلینی کردەکە دەکات (من پێنج جۆر کردە دەستنیشان دەکەم، هەرچەندە بەم پۆلینە دڵخۆش نیم و پێموایە کردە قسەییەکان زۆر زیاتر لەو پۆلینە دەگرێتەوە و فراوانترە، ئەوانیش: کردەی بڕیاردان، کردەی فەرماندان یان داخوازی، کردەی پەیوەستبون یان بەڵێندان، کردەی ڕەفتاری یاخود کردەی ڕەوشت و هەڵسوکەوت، کردەی هەست دەربڕین)(Austin, 1962: 150)، پاشان بەشێوەیەکی ورد باسی هەریەکێک لە جۆرەکان دەکات و ئاماژەیان پێدەکات. ئەمە جیا لەوەی لە کتێبەکەیدا دو جۆری تری کردەی خستۆتەڕو (ئۆستن لە پەرتوکەکەیدا دو جۆر کردەی خستۆتەڕو، کە بریتین لە (کردەی ئاشکرا و کردەی شاراوە)).(موشير دزەيي، ٢٠١١: ٦٠) بەشێوەیەکی گشتی پۆلینکردنی کردە قسەییەکان کارێکی ئاسان نییە و ناتوانرێت پشت بە بنەمایەکی جێگیر ببەسترێت لە کردەی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

پۆلینکردنەکە (دەستنیشان کردن و پۆلێنکردنی جۆری کردە قسەییەکان کارێکی ئاسان نییە، ئەگەرچی کردارەکانیش پۆلێنبکرێن، کە بەپێی مەبەستی ڕەوانبێژی بەکاردێت، ئەنجامێکی ئەوتۆ بەدەستەوە نادات)(سەعید، ٢٠١٣: ٣٣) د.محمد معروف بەشێوەیەکی تر باسی جۆرەکانی کردە قسەییەکان دەکات و پۆلێنیان دەکات، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە کردەی قسەیی دو جۆر دابەشکردنی هەیە ئەوانیش:

**یەکەم: کردەی قسەیی ئاشکرا (ڕستەی ڕاپەڕاندن):**

کردەی قسەیی ئاشکرا، بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕون مەبەست یاخود ئامانجی قسەکە دەخرێتەڕو و هیچ لایەنێکی نادیاری یاخود شاراوەیی تێدانییە، قسەکەر ئەو بابەتەی دەیەوێ ئاماژەی پێ بکات بەشێوازێکی ئاشکرا دەریدەبڕێت و گوێگریش وەریدەگرێت. (لەم جۆرەدا مەبەست و ئامانجی قسەکەر بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕون دەردەبردرێت و کردارەکە ڕوداو و ڕاپەڕاندنی تێدایە، ڕستەکە بەڕستەیەکی ڕاپەڕاندن و ئەنجامدار دادەنرێت. بۆ نمونە: **گفت دەدەم.** (فەتاح، ٢٠١٠: ٢٠٩)

واتە لەم جۆرە کردەیەدا مەبەست بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ دەردەبردرێت و کردەی ڕوداو و ڕاپەڕاندنی تێدایە.(موشیر دزەیی، ٢٠١١: ٦١) مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەو کردەیەش ئەوەیە، کە قسەکەر هەوڵی ئەوە دەدات کاریگەری بخاتە سەر گوێگر (وەرگر)، تاوەکو کردەیەک ڕابپەڕێنێت. هەروەها کاریگەری ڕاپەڕاندنەکە دەوەستێتە سەر ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە).(تۆفیق و مستەفا، ٢٠١٨: ١٢ـ١٣) بەڕای د.محمد معروف کردەی قسەیی ئاشکرا چەند تایبەتی (مەرج) یێکی هەیە ئەوانیش:

١ـ دەبێت کارێکی ڕاگەیاندنی تێدابێت. وەک:

گفت دەدەم، بەڵێن دەدەم، وەعد دەدەم، ناو دەنێم...هتد.

**ـ بەڵێن دەدەم، کە کارەکە بە جوانی ئەنجام بدەم.**

٢ـ لەو جۆرە ڕستانەدا دروستی و نادروستی نایەت، لەبەرئەوەی ڕستەکە وەسفی نییە، تەنیا نرخیان بۆ دادەنرێت، واتە ڕستەکە یان بەجێیە یان نابەجێیە، بەپێی بون و نەبونی مەرجەکانی بەجێی بون، بۆ نمونە:

**ـ گفت دەدەم بەرت بدەم.**

ئەگەر دادوەرێک ئەم قسەیە بکات تەواوە، بەڵام برادەرێک بۆ برادەرێکی بکات نابەجێ دەردەچێت.

٣ـ دەبێت کردەی قسەیی ئاشکرا لە تافی ئێستادا بێت، واتە ڕانەبردو بێت، ناکرێت ڕابردو بێت و کارەکە تێپەڕ بوبێت. بۆ نمونە: **گفت دەدەم.** (ئاشکرایە)

٤ـ بکەری ڕستەی بەجێهێنان (ئاشکرا)، دەبێ کەسی یەکەمی تاک یان یەکەمی کۆ بێت. بۆ نمونە:

**ـ گفت دەدەم.** (کردەی قسەیی ئاشکرایە)

**ـ گفتی دا.** (کردەی قسەیی ئاشکرا نییە).(فەتاح، ٢٠١٠: ٢٠٩ـ٢١٠)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

واتە دەکرێ بڵێین کردەی قسەیی ئاشکرا یاخود ڕاپەراندن، کردەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕون دەردەبڕدرێت و هیچ لایەنێکی شاراوەی تێدا نییە، زیاتر کردەکە ڕوداو و ڕاپەڕاندنی تێدایە و قسەکەر پەیام یاخود ئامانجەکەی بەشێوەیەکی ڕون ئاڕاستەی گوێگر دەکات.

## دووەم: کردەی قسەیی نائاشکرا (شاراوە):

ئەم جۆرەیان زیاتر لایەنی شاراوەیی تێدایە و دەربڕین یاخود کردەکە جیاواز لەبەشی یەکەم ڕاستەوخۆ مەبەستەکەی نادات بەدەستەوە، بەڵکو لایەنی نائاشکرایی و شاراوەیی تێدایە، ئەمەش زۆرجار بە مەبەست ئەو کارە ئەنجام دەدرێت. دەربڕین و ئاخاوتنەکانمان زۆرجار بەشاراوەیی دەردەبڕدرێن و لایەنی شاراوەیی تێدایە. (داسکال) هۆکاری ئەم ناڕاستەوخۆیی و شاراوەییە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێنێتەوە، لەوانەش:

١ـ ململانێ و تێکچڕژانی ئامانج.

٢ـ هۆکاری تاقیکردنەوە، لە ڕێگای تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراو بۆ وەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو.

٣ـ هۆکاری ئارەزو بۆ گوتن و نەگوتنی شتێک لەیەک کاتدا، بۆ نمونە: بەکارهێنانی دەربڕینی ناڕاستەوخۆ بۆ گوتنی شتێک، کە واتایەکی تر بگەیەنێت، تا ئەگەر نائاسودەیی لای گوێگر دروستکرد نکۆڵی لێبکات و بڵێ مەبەستم ئەمە نەبوە.

٤ـ هۆکاری خۆشی، واتە بۆ دەربڕینی خۆشی بگوترێت، بەڵام (سێرڵ و گرایس و براون و لیڤنسن) زیاتر ئاماژە بۆ مەبەستی ڕێز دەکەن، کەچی (لیچ) بۆ دابونەریتی کۆمەڵایەتی دەیگەڕێنێتەوە.

سەبارەت بە تایبەتی (مەرج)ی کردەی قسەیی نائاشکرا، (محمد معروف) ئاماژە بەوە دەکات، کە کردەی قسەیی نائاشکرا سێ لەو مەرجانەی سەرەوە (مەرجەکانی کردەی قسەیی ئاشکرا)ی تێدا نییە، ئەوانیش:

١ـ کاری ڕاپەڕاندنی تێدا نییە.

٢ـ مەرج نییە بکەرەکەی کەسی یەکەمی تاک یاخود کۆ بێت.

٣ـ مەرج نییە زەمەنەکەی کاتی ئێستا بێت.

٤ـ دەبێت بەجێ یان نابەجێ بێت، دروست، یان نادروست بێت.

بۆ نمونە:

ـ **من تۆم خۆش دەوێ.** (کردەی قسەیی نا ئاشکرا).

ـ **دڵنیات دەکەم، من تۆم خۆشدەوێ.** (کردەی قسەیی ئاشکرا).

کە باس لە کردەی قسەیی دەکەین، دەبێ ڕستەی هەواڵدانمان لەبیربێت، چونکە ڕستەی پرس و فەرمان و سەرسوڕمان کردەی قسەیی تێدا نییە، بەڵکو تەنیا لە ڕستەی هەواڵداندا بەدیدەکرێت، جیاواز لە جۆرەکانی تری ڕستە، کە هەواڵدان و گەیاندنی تێدا نییە، بەڵکو مەبەست لێی سەرسوڕمان یان پرسیارکردنە دەربارەی شتێک یاخود فەرماندانە...هتد.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ـ **برۆ دەرەوە.** (هیچ کردەیەکی قسەیی تێدا نییە، ڕستەی فەرماندانە).

ـ **ماڵەکەیان لەکوێیە**؟ (کردەی قسەیی تێدا نییە، پرسە).(فەتاح، ٢٠١٠: ٢١٠)

واتە کردەی قسەیی تەنیا لە ڕستەی هەواڵداندا بەدیدەکرێت، لە ڕستەی پرس و فەرماندان و جۆرەکانی تری ڕستەدا نابینرێت.

پۆلینێکی تری کردە قسەییەکان، کە زیاتر پشت بە لایەنی واتا دەبەستێت، (سیرێل) پۆلینی جۆرەکانی واتا دەکات بۆ کردە ناڕاستەوخۆکان و کردە ڕاستەوخۆکان (ئیبراهیم، ٢٠١٥: ١٩)

**یەکەم: کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(تیان):**

کردەی ناڕاستەوخۆ لێرەدا قسەکەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەبەست یاخود ئامانجەکەی نادات بەدەستەوە و ڕاستەوخۆ دەرینابڕێت، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدەکات، (Searle, 1979: 30) بۆ نمونە لە ڕستەیەکی وەکو: **دەستت دەگاتە ئەو خوێیە؟**

لێرەدا قسەکەر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ داوا لە گوێگر دەکات، کە خوێیەکەی پێ بدات، گوێگریش لە مەبەستەکەی تێدەگات و پێویست بەوە ناکات پرسیار بکات دەربارەی مەبەستەکەی (Whelpton, 2011: 18) واتە لێرەدا قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەربڕینەکە دەردەبڕێت و گوێگر وەریدەگرێت، کە زۆرجار جیاوازی لەنێوان دەربڕینەکە و مەبەستی قسەکەردا هەیە. کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ (تیان)، ئەو (بار)انە دەگرێتەوە، کە مەبەست یاخود ئامانجی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر.

واتە کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ، واتە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ واتا و مەبەستی قسەکەر دەگەیەنرێتە کەسی بەرانبەر، بۆ نمونە کاتێک خوێندکارێک لە پۆل دەنگەدەنگ دەکات و دانانیشێت مامۆستا هاوار دەکات (ئەحمەد)، واتا ئەحمەد بێدەنگ بە و لەشوێنی خۆت دابنیشە (https://ar.wikipedia.org/wiki/الأفعال_اللغوية) لێرەدا مەبەستی مامۆستا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەربڕاوە و داوا دەکات، کە خوێندکارەکە بێدەنگ بێت و لە شوێنی خۆی دابنیشێت، بێ ئەوەی بە ئاشکرا ئاماژەی پێبکات.

**دوەم: کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ:**

یەکێکی تر لە جۆری کردە قسەییەکان دەربڕینە ئاشکراکانە، واتە ئەو دەربڕینانەی بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕون واتاکانیان بەدەستەوە دەدەن، واتا هیچ لایەنی ناڕونی تێدا نییە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەبەست یاخود ئامانجەکەی بەدەستەوە دەدات.

دەکرێ بڵێین هەرکاتێک وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ هەبو، لە نێوان واتای ڕاستەوخۆی ڕستەکە و هێزی مەبەستەکەی ئەو کاتە وشەی کردەی قسەیی ڕاستەوخۆی بۆ بەکاردەهێنرێت.(ئیبراهیم، ٢٠١٥: ١٩) واتە لەم جۆرە دەربڕینانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان کردە قسەییە دەربڕاوەکە و مەبەستی قسەکەردا هەیە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ڕستە و دەربڕینەکان واتای ڕاستەقینە و دەربڕاوی خۆیان هەیە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆی بەدەستەوە دەدات، واتە مانای ڕاستەقینەی ڕستەکە خۆی، ئەوەش لە پێکهاتەی خودی ڕستەکە و مۆرفیمەکانی دەردەکەوێت و لەگەڵ ڕێسا و یاساکانی ئەو زمانەدا دەگونجێت (Searle, 1979:117) یاخود دەکرێ بڵێین: کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ: بریتییە لە دەربڕینی ئەو کردانەی، کە ئاسایی و چاوەڕوانکراون لە ژینگەی قسەپێکەرانی زماندا، بەشێوەیەک کە قسەکەر لە ڕێگەی ئەم دەربڕینانەوە ڕاستەوخۆ و بەزوترین کات مەبەستی خۆی ئاڕاستەی گوێگر بکات. مەبەستمان لە ئاستی چاوەڕوانکراویش، فۆڕمی ڕێزمانی چەسپاو و شێوازی بەردەوام بەکارهێنراوە.(محمد و محمد، ٢٠١٥: ٥٦) بەشێوەیەکی گشتی کردەکانی ئاخاوتن چەندین کردە لەخۆدەگرێت، کە قسەکەر دەیەوێت ڕایان بپەڕێنێت وەک: ڕاگەیاندن، داواکردن، داخوازیکردن، بەڵێن دان، پرسیارکردن. (ئایچسن) دەنوسێ: ڕاگەیاندن و پرسیارکردن و داخوازی، لە بنەما بنەڕەتییەکانی کردەکانی ئاخاوتنن. کردەی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ، ڕاستەوخۆ پەیوەندی ئاخاوتنی دەقەکە و کردارەکە دەخاتەڕو. (فینچ) ئەم ئاخاوتنانە بە ڕاستەوخۆ دادەنێ:

**کردەی هاوسەری:** بڕیارم دا، کە ئێوە ئێستا ژن و مێردن.

**کردەی ناونان:** ئەو کچەی خۆم ناو دەنێم چیا.

**کردەی داخستنی کۆڕ و کۆبونەوە:** ڕایدەگەیەنم، کە کۆبونەوەکەمان تەواو.

ڕاپەڕاندنی ئەم ئاخاوتنانە خۆی لەخۆیدا لە یەک کاتدا ئاخاوتن و کردەکە دەگەیەنێ. (ئایچسن) ئەم سێ جۆرە ڕستەیە بەکردەی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ دادەنێ:

**ـ دنیا ساردە.**

**ـ سەعات چەندە؟**

**ـ بڕۆ دەرێ!** (ناوخۆش، ٢٠١٠: ٧٢ـ٧٣)

کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ واتە دەکرێ قسەکەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەبەست و نیازەکەی بڵێت و لایەنی ناڕاستەوخۆیی تێدا نەبێت(نوردکوست، موقع مرکز النور، ٢٠١٥) واتە ڕێککەوتن لەنێوان قسەکە و کردەکەدا هەیە. (سێرڵ) کە بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیۆرییەکە دادەنرێت، پۆلینێکی جیاواز بۆ جۆرەکانی کردە قسەییەکان دەکات، بەمشێوەیە: (محەمەد، ٢٠١٤: ٤٥)

### ١ـ ئاڕاستەکردن و فەرماندان یاخود بڕیاردان Directive:

مەبەست لە ئاڕاستەکردن و فەرماندان هەوڵدانێکە، کە لەلایەن قسەکەرەوە دەدرێت بۆ ئاڕاستەکردنی گوێگر بۆ ئەنجامدانی کارێک یاخود شتێک. بۆ نمونە:

**ـ تۆ بچۆ بۆ قوتابخانە.** (فەرماندان)

**ـ تۆ کارەکە ئەنجام بدەیت باشتر دەبێت.** (ئاڕاستەکردن)

لەم ڕستانەدا شێوازی فەرماندان و ئاڕاستەکردنی گوێگر دەبینرێت، کە قسەکەر دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێت و فەرمانی بەسەردا دەکات، کە کارێک ئەنجام بدات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**ـ بڕیارمدا داتبمەزرێنم.** (بڕیاردان)

لەم ڕستەیەدا (بڕیارمدا داتبمەزرێنم) جۆرێک لە کردەی بڕیاردان دەبینرێت، بەڵام دەبێ تێبینی ئەوە بکەین، کە ئایا کەسی قسەکەر ئەو دەسەڵاتەی هەیە؟ (مستەفا، ٢٠١٨: ٤٦)

دەکرێ بڵێین ناوەڕۆکی ئەم جۆرە کردەیە بەندە بە دەوروبەرەکەیەوە، دەوروبەر ڕۆڵێکی گرینگی لە دەستنیشانکردنی کردەکەدا هەیە. (ناوەڕۆکی کردەی فەرمانکردن بەندە بە دەوروبەرەکانیەوە، چونکە بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان جۆری فەرمانکردنەکە دەگۆڕێت، و دەکرێ ناوەڕۆکەکانی (فەرمانکردن، داواکردن، قەدەغەکردن، ئامۆژگاریکردن، تکاکردن...هتد)بگرێتەوە. (محمد، ٢٠١٢: ٨٠) بەشێوەیەکی گشتی هەمویان داوا لە کەسی بەرانبەر دەکەن بۆ ئەنجامدانی کارێک، بەڵام شێوازی وتنەکە جیاوازە و بەپێی پەیوەندی نێوان کەسەکان و دەوروبەرەکە دەگۆڕێت.

## ٢ـ دەربڕ یاخود تەعبیری یاخود هەست دەربڕینەکان Expressive:

بریتییە لە تەعبیر یاخود گوزارشتکردن لەمەرجی ڕاستی لە کردەی قسەییدا، بۆ نمونە (داوای لێبوردن کردن، سوپاس کردن، پیرۆزباییکردن، بەخێرهێنان...هتد) (محی الدین، ٢٠٢٠: ٦٠٣ـ٦٠٤)

**ـ من کارێکی هەڵەم کرد، بمبورە.** (داوای لێبوردن کردن)

**ـ سوپاستان دەکەم بۆ ئامادەبون لە ئاهەنگی لەدایکبونم.** (سوپاسکردن)

دەکرێ بڵێین ئەم جۆرەیان زیاتر لایەنێکی دەرونی دەگرێتەوە و بارێکی سایکۆلۆجی دەگەیەنێت. ئەم جۆرەیان بریتییە لە دەربڕینی بارێکی سایکۆلۆجی، وەکو: سوپاسکردن، پێشوازیکردن، بەخێرهێنان...هتد)(محەمەد، ٢٠١٤: ٤٥) ئەم جۆرەیان بۆ بارێکی پەشیمانی یاخود بیانو هێنانەوە و داوای لێبوردن کردن...هتد بەکاردێت. (قسەکەر ئەم جۆرە کردانە بەکاردەهێنێت بۆ مەبەستی نیشاندانی بۆچونەکان و پێشکەشکردنی بەهانە لەکاتی قسەکردندا)(مستەفا، ٢٠١٨: ٤٧)

## ٣ـ ڕاگەیاندن Declaration:

جۆرێکی ترە لە کردە قسەییەکان، کە (سیرێل) ئاماژەی پێکردوە، ئەمەش کاریگەرە بە گۆڕانکاری لەناکاو لە پەیوەندی بارودۆخی دامەزراوەیەک، کە چاودێرییەکی وردی پشت بەستن بە زیادەی زمانەوانی ( Extra Linguistics) لە دامەزراوەکەدا دەکات، بۆ نمونە: حەرامکردن، ئیعلانکردنی جەنگ، ژن هێنان و مێردکردن، فەسڵکردن، لە کارلادان. وەکو:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**ـ پێت ڕادەگەیەنم، کە تۆ لەسەرکار لابراوی.** (لە کار لادان)

**ـ ئەم کارە ڕێگەپێدراو نییە لە ئاییندا، ناکرێت ئەنجامی بدەیت.** (حەرامکردن)

ئەم جۆرە ئامانجی گۆڕینی بارودۆخ یاخود ڕوداوێکە، لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە و چەند جۆرێک دەگرێتەوە، ئەوانیش: ڕاگەیاندن، هەواڵی، ڕیکلامی..هتد (بلخیر و بوعیاد، ٢٠١٢: ٤٩) واتە ئەم جۆرە زیاتر شێوازێکی ڕاگەیاندن دەگرێتەوە و دەربڕینەکەشی بەشێوەی ڕستەی ڕاگەیاندن دەبێت و گۆڕانێک لە بارودۆخ یاخود ڕوداوەکە دێتەدی.

## ٤ـ وەسفکار یاخود وتەبێژ یاخود نواندن Representatives:

ئەم جۆرە کردەیە قسەکەر پەیوەست دەکات بە ڕاستی پرۆپۆزشنی شیکراوە، وەکو (دوپاتکردنەوە (Asserting)، گەیشتنە ئەنجام (Concluding).

**ـ لە کۆتاییدا توانیت ئەم قۆناغەی زانکۆش تەواو بکەیت.** (گەیشتنە ئەنجام)

**ـ دوپاتی دەکەمەوە، من ئیتر تۆ ناناسم.** (دوپاتکردنەوە)

مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە کردانە ئەوەیە کە بارێک بنوێنن، جا بارەکە دروست بێت یا نادروست، نواندنەکە وردبێت یان درشت، ئەمانە قسەکەر بەند دەکەن بەو قسەیەی کە دەیکات، کە گوایە بارێک لە ئارادا هەیە، ئەم جۆرە بەزۆری هەواڵ گەیاندن و داکۆکی کردن و پێشبینی و وەسفکردن و ڕونکردنەوە...هتد، دەگرێتەوە.

**ـ من ئەو ئیشە بە خراپ دەزانم، دادەنێم، دەدەمە قەڵەم.** (تۆفیق، ١٩٩٥: ٥٦ـ٥٧)

ئەم جۆرە زیاتر دوپاتکردنەوە یاخود بارێکی وەسفکار دەنوێنن، قسەکەر بارێک نیشان دەدات، کە وای دادەنێت یاخود وای دەبینێ...هتد.

## ٥ـ ئەنجامدەر یاخود پەیوەستبون Commissive:

ئەم کردارەش وا لە قسەکەر دەکات، کە پەیوەست بێت بە ئەنجامدانی چەند کردەوەیەک لە داهاتودا، وەکو (پەیماندان، هەڕەشەکردن(Threatening)، پێشکەشکردن (Offering).(محمد و محمد، ٢٠١٥: ٥٢) بۆ نمونە:

**ـ بەڵێن دەدەم، کە ڕاستگۆ بم لەگەڵت.** (پەیماندان)

**ـ جارێکی تر لەم گەڕەکە بتبینم لە ناوت دەبەم.** (هەڕەشەکردن)

**ـ بفەرمون، خواردنم تازە ئامادەکردوە.** (پێشکەشکردن)

واتە ئەم جۆرە کردەیە قسەکەر ناچاردەکات لە داهاتودا کارێک ئەنجام بدات و پەیوەستی دەکات بە ئەنجامدانی کارێکەوە. (مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم کردانە بەستنەوەی قسەکەرە بە بەڵێنێک، کە لە ئایندەدا جێبەجێی دەکات، بۆ نمونە: بەڵێندان، پەیماندان، سوێندخواردن، هەڕەشەکردن، گرەوکردن...هتد)(تۆفیق، ١٩٩٥: ٥٨)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

لێرەدا قسەکەر پەیماندەدات، کە کارێک لە داهاتودا ئەنجامبدات و پەیوەست دەبێت پێیەوە، جا کردەکە هەندێکجار جەستەییە و هەندێکجار قسەیی.

د.قیس کاکل سەبارەت بە پۆلینەکانی (ئۆستن) و (سیرڵ) ئاماژە بەوە دەکات کە:

پۆلینەکەی (ئۆستن) پۆلینێکی درشتە و بنەمای ورد بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکان لە یەکتر نادات بەدەستەوە. بەڵام هەرچی پۆلینەکەی (سیرڵ)ە هێزی یان کردەی ڕەوانبێژی دەکاتە بنەمای کارەکە و گوێ بەشێوەی بەکارهێنانی کارەکان لە زماندا دەدات.(تۆفیق، ١٩٩٥: ٥٣)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ سود لە هەردو پۆلینەکە وەربگیرێت، چونکە سەرەڕای جیاوازی لە نێوانیان خاڵی هاوبەشیان هەیە و هەردو پۆلینەکە لایەنی ڕاستی تێدایە و هەریەکێکیان لە ڕوانگەیەکەوە سەیری بابەتەکە دەکەن، وە هیچ یەکێکیان بێ کەموکوڕی نین.

## بەشی دوەم

## ٢-١ جوڵە و ئاماژەکانی سەر و لێکدانەوەیان بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان:

### ٢-١-١ سەر

سەر یەکێکە لەو ئەندامانەی جەستەی مرۆڤ، کە بەکارهێنانێکی زۆری لە دەربڕیندا هەیە. سەری مرۆڤ جیا لە دەربڕینە زمانییەکان زۆرجار بەشێوەیەکی بەرچاو لە دەربڕینە نازمانییەکاندا بەشداریدەکات و دەکرێ خاوەنی بەکارهێنان و ئاماژەیەکی بێ شومار بێت لە کردە ئاخاوتنەکاندا، چ کردەی زمانی بێت یاخود کردەی نازمانی، ئێمە لێرەدا ژمارەیەک لە جوڵە و بەکارهێنانی سەر لە دەربڕینە نازمانییەکان و بەشداریکردنی وەکو ئەندامێک لە زمانی جەستە وەردەگرین و شێوازی جوڵەکە هەروەها ئەو دەلالەت و مەبەستەی دەیگەیەنێت ڕوندەکەینەوە.

سەر بەشێوەیەکی گشتی لە بارێکی ڕێک و ڕاستدایە، بەڵام مرۆڤ زۆرجار ئەم ئەندامەی جەستەی بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستی تر بەکاردەهێنێت، بۆ نمونە مرۆڤ کاتێک لە بارودۆخێکی ئاسایی بێت سەری ئاسایی و تاڕادەیەک بەرز ڕادەگرێت (بڕوانە شێوەی ژمارە٣)، بەڵام سەرداگرتن هەندێکجار لەکاتی هەستکردن بەشەرم یاخود هەندێکجار شەرمەزاری و بار(موقف)ێکی ناخۆش (محرج) دەگەیەنێت.(عقیل، ٢٠١٠: ٣٣٨)، کردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە هەست دەربڕین، شەرمکردن، شەرمەزاری، تەریقبونەوە. بەڵام هەندێکجار مرۆڤ سەری بەشێوەیەکی بەرز و ڕو لە ئاسمان ڕادەگرێت و بەرەو بەشی دواوەی جەستە ئاڕاستەی دەکات، کە ئەمەیان ئاماژەیە بۆ خۆبەزلزانین و یاخود جۆرێک لەخۆباییبون(غرور) دەنوێنێ، هەندێکجار کاتێک کەسێک خۆی لە کەسێکی تر بەرزتر یاخود گەورەتر لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە دەبینێ ئەو کارە ئەنجامدەدات، کاتێک دەگات بەو کەسە بەجۆرێک سەری بەرز و بەرەو بەشی پشتەوەی جەستەی ڕادەگرێت (هاجن، ٢٠١٧: ٧٣)، وەک جۆرێک لەخۆبەگەورە نیشاندان و دەرخستنی گەورەیی(تكبر)، مەبەستیش لە کردەکە بریتییە لە خۆنمایشکردن، خۆبەگەورە زانین، هەست دەربڕین، لەخۆبایی بون، پلەو پایە، دەسەڵات...هتد، لە کلتوری کوردیشدا، کاتێک باسی کەسێکی خۆبەگەورەزان دەکرێت، چەند



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

زاراوەیەكی وەكو (سەری لە هەوایە، بەردەمی خۆی نابینێ، لوت بەرزە...هتد) بەكاردەهێنرێت (بڕوانە شێوەی ژمارە ٤)، بە پێچەوانەوە سەر داخستن ئاماژەیە بۆ شەرمنی و كەسانی بە ئەدەب، بۆ نمونە دەڵێن: سەری بەرزناكاتەوە، سەری هەڵنەبڕی...هتد، واتە كەسێكی زۆر شەرمنە و كەسێكی بە ئەدەب و بەڕێزە...هتد، مەبەستی كردەكەش بریتییە لە شەرمنی، ڕێز، ئەدەب.

ـ یەكێكی تر لە ئاماژەكان، كە مرۆڤ لەڕێگەی سەرەوە پەیام و مەبەستەكەی بە كەسی بەرانبەر دەگەیەنێت، بریتییە لە بەستنی سەر بەهۆی پەڕۆ یاخود هەر هۆكارێكی تری بەستن، ئەمەش واتای نەخۆشی و ناساغی یاخود سەرئێشە...هتد دەگەیەنێت.(الخطیب، ٢٠٠٦: ٤٢) لە كۆندا كاتێك كەسێك سەری ئازاری هەبوایە، ئەوا بەپەڕۆیەک ناوچەوانی توند دەبەست، كە ئەمە هەم وەكو چارەسەر بەكاردەهات لەلایەن كەسەكە و هەم ئاماژەیەكیش بو بۆ كەسی بەرانبەر، بۆئەوەی تێبگات، كە ئەو كەسە تەندروست نییە، یاخود سەری دێشێ و ناساغە، كردەی مەبەستیش لەم بارەدا بریتییە لە خستنەڕو، ئاگاداركردنەوە، نەخۆشی، بێتاقەتی، ئازار، هەست دەربڕین. هەرچەندە لە هەندێك باردا ئافرەتان كاتێك بیانویستایە سەرنجی پیاوەكانیان ڕابكێشن و یاخود جۆرێك لە گرینگییان پێبدەن ئەم كارەیان دەكرد، وەک ئاماژەیەک بۆ نەخۆشی و ڕاكێشانی سەرنجی پیاوەكەی لە لایەن ئافرەتانەوە ئەنجام دەدرێت، بۆئەوەی زیاتر گرینگی پێبدات و جۆرێك لە مەكر و ناز دەگەیەنێت، كردەكەش بە مەبەستی، ئاگاداركردنەوە، نازكردن، سەرنجڕاكێشان، خۆنواندن، گرینگیپێدان...هتد.

ـ یەكێكی تر لە ئاماژەكانی سەر بریتییە لە جوڵاندنی سەر بۆلای ڕاست و چەپ یاخود بۆ سەرەوە و خوارەوە. جوڵاندنی سەر چەند جارێك بۆ لای ڕاست و چەپ بە واتای (نا)كردن یاخود ڕەفزكردنەوەی شتێک دێت، بەڵام جوڵاندنی سەر بۆ لای سەرەوە و بە ئاڕاستەی بەشی پشتەوەی جەستە بە واتای ویستی بەرەنگاری (التحدي) یاخود شەڕانگێزی (العدوانية) دێت. خوراندنی سەر بە واتای سەرلێشێواوی (الحيرة) دێت. (حسن، بدون سنة طبع: ٢٥)، مەبەست لەم كردەیەش بریتییە لە وەڵامدانەوە، ئاڕاستەكردن، بێمنەتی، حەزی بەرەنگاری، شەڕانگێزی و سەرلێشێواوی. ئاماژەكانی جوڵەی سەر دەكرێ بڵێین تاڕادەیەک زۆرن و چەندین دەلالەت و واتا لەخۆدەگرن. زمانی جەستە خاوەنی تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆیەتی، نابێت بارودۆخ و ساتی دەربڕینە جەستەییەكە لەبەرچاونەگیرێت، زۆرجار مرۆڤ لەگەڵ دەربڕینە زمانییەكان پەنا بۆ دەربڕینە نازمانییەكان دەبات، بۆ نمونە بەكارهێنان و جوڵاندنی سەر بۆ گەیاندنی واتا لە لایەن قسەكەرەوە بۆ نیشاندانی ڕازیبون یاخود ناڕازیبون لە شتێک یاخود بار (موقف)ێكی كەسی بەرانبەر، جا چ لەگەڵ دەربڕینە زمانییەكە بێت یاخود بەبێ بەكارهێنانی هیچ وشە و دەربڕینێكی زمانی، دەتوانێت تەنها لەڕێگەی جوڵاندنی سەرەوە نیشانی بدات، كە ئایا ڕازییە بەو شتە یاخود نا، جوڵاندنی سەر بە ئاڕاستەی سەرەوە بۆ خوارەوە و بەواتای ڕازیبون دێت، بەڵام جوڵاندنی سەر بە ئاڕاستەی ڕاست بۆ چەپ و بەپێچەوانەوە، واتاكەی پێچەوانە دەكاتەوە و بە واتای (نەخێر) یاخود ڕازینەبون و ڕەتكردنەوە دێت.(قرقر، ٢٠١٧: ١٤)، هەندێكجار كاتێک كەسێک پرسیار یاخود قسە بۆ كەسی بەرانبەر دەكات دەربارەی شتێك، كەسی دوەم لەڕێگەی ئاماژەی سەرەوە ڕازیبون یاخود ناڕازیبونی خۆی نیشان دەدات، لەبری وتنی (بەڵێ) سەری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

خۆی بەشێوەیەک دەجوڵێنێ، کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە چەند جارێک و لەبری وتنی (نەخێر) سەری خۆی بە ئاڕاستەی ڕاست بۆ چەپ یاخود بە پێچەوانەوە دەجوڵێنێ و کەسی بەرانبەر تێدەگات، کە مەبەستی ناڕازیبون و ڕەفزکردنەوەیە، مەبەستی کردەکەش بریتییە لە وەڵامدانەوە، ئاڕاستەکردن، ڕازیبون، هەست دەربڕین، ڕەتکردنەوە، خۆبەزلزانین. بەڵام هەندێکجار جوڵاندنی سەر بە یەک ئاڕاستە ماناکە بە دەستەوە دەدات، بۆنمونە جوڵاندنی سەر یەک جار بە ئاڕاستەی خوارەوە بە واتای (بەڵێ) یاخود (وەرە) دێت، کردەی مەبەست لێرەدا بریتییە لە ڕازیبون و نیشاندانی ڕەزامەندی یاخود بانگکردن. جوڵەی سەریش بە ئاڕاستەی سەرەوە بە واتای (نەخێر) دێت، بەڵام لەم بارەدا کردەکە بە واتای ناڕازیبون و ڕەفزکردنەوە یاخود ڕەتکردنەوەی شتێک دێت (بڕوانە شێوەی ژمارە ٦)، دەکرێ زۆرجار کەسێک پرسیار دەربارەی شتێک یاخود ئاڕاستەیەک بکات، کەسی بەرانبەر بەبێ بەکارهێنانی زمان وەڵامی کەسەکە بداتەوە و ئاڕاستەکەی پێ بڵێت، ئەویش لەڕێگەی سەرەوە، بۆ نمونە کاتێک بە لای ڕاستدا سەر دەسوڕێنێت، ئەوا واتای ئەوەیە ئاڕاستەکە بە لای ڕاستە و بە پێچەوانەشەوە کاتێک بۆ لای چەپ سەری دەسوڕێنێت، واتا ئاڕاستەکە لە لای چەپەوەیە، بۆ ئاڕاستەکانی تریش بەهەمانشێوە، لێرەدا مەبەستی کردەکە بریتییە لە ئاڕاستەکردن، ڕێنوێنیکردن، وەڵام دانەوە.

ـ هەندێکجار کاتێک کەسێک قسە بۆ کەسێکی تر دەکات، کەسی دوەم بەشێوەیەکی هێواش و لەسەرخۆ سەری بە ئاڕاستەی سەرەوە و خوارەوە دەجوڵێنێ، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئاگام لێتە و لە مەبەستەکەت تێدەگەم، لێرەدا کردەی مەبەست بریتییە لە ئاگادار بون، گرینگیدان، گوێ لێگرتن، سەرنجدان، یاخود هەندێکجار لە کاتی شەرمکردن کەسەکە سەری بۆ خوارەوە دەخەوێنێت، لەم بارەدا مەبەستی کردەکە بریتییە لە شەرمکردن، ڕازیبون هەست دەربڕین. یاخود لەکاتی ناخۆشی و پرسەدا بە هەمانشێوە کەسەکە سەری بەشێوەیەکی ڕێک بۆ بەشی خوارەوەی جەستە دادەگرێت و سەیری بەشی خوارەوەی جەستە یاخود پێیەکانی دەکات، مەبەست لە کردەکە نیشاندانی خەمباری، ناخۆشی و هەست دەربڕینە، ئەمەش بە واتای خەمباری و دڵتەنگی دێت لە کاتی پرسە یاخود بۆنە و یادکردنەوە ناخۆشەکاندا. هەندێکجار سەرداگرتن یەک جار بە واتای سەلامکردن یاخود نواندنی ڕێز دێت، دەکرێ دەستگرتن بە سینگیشی لەگەڵدا بێت.(میسنجر، ٢٠٠٧: ٢٦٩) لەم بارەدا کردەی مەبەست بریتییە لە سڵاوکردن، نیشاندانی ڕێز، بەخێرهێنان، سوپاسکردن، بە گەورەدانان، پێزانین، نرخاندن. ئەم جۆرە زیاتر کاتێک بەکاردێت، کە کەسێک بەشێوەیەکی نهێنی و نەتوانێت بە ئاشکرا سڵاو لە کەسێکی تر بکات، ئەمەش دەکرێ لەنێوان ڕەگەزە جیاوازەکان بێت، واتای ئەوەش بگەیەنێت، کە بینیومی و ئاگام لێت هەیە، لەم بارەدا کردەکە بە واتای ئاگادار کردنەوە و سڵاوکردن دێت. لە ئاینی ئیسلامیش لە کاتی نوێژدا، سوڕاندنی سەر بەلای ڕاست پاشان لای چەپدا لە کۆتایی نوێژ بە واتای سڵاوکردن دێت، هەروەها کۆتایی بە نوێژ دەهێنێت.(بن باز، موقع البطاقة) مەبەستی کردەکەش بریتییە لە کۆتایهێنان، سڵاوکردن. هەندێکجار سەر داگرتن و نواندنی ڕێز بە جۆرێک دەبێت، کە کەسەکە سەری دادەگرێت بە ئاڕاستەی بەشی خوارەوەی جەستە، هەندێکجار هەردو دەست پێکەوە دادەنرێت یاخود دەست بە سینگەوە دەگرێت و جەستە یاخود تەنها سەری دادەنوێنێت (https://en.wikipedia.org/wiki/Bowing) ئەم



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

جۆرە سڵاو و ڕێز نواندنە زیاتر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەكو: كۆریا و تایلاند و ژاپۆن...هتد دەبینرێت، كە لەكاتی سڵاوكردندا جەستەیان بۆ خوارەوە دەچەمێننەوە و هەندێكجار سەریان وەكو ڕێزێك بە ئاڕاستەی خوارەوە دەخەوێنن، مەبەستی كردەكەش بریتییە لە سڵاوكردن، نیشاندانی ڕێز، ستایشكردن...هتد.

ـ هەندێكجار مرۆڤ دەستی بەكاردەهێنێت و جۆرێك لە پیا كێشان بەسەری ئەنجام دەدات بۆ گەیاندنی واتا و دەربڕینەكان، بۆ نمونە توند دەكێشێت بە ناوچەوانی خۆی، ئەمەش چەند واتایەك دەگەیەنێت لەوانە:

كاتێك شتێكی بیر دەچێتەوە یاخود بەبیری دێتەوە، كردەی مەبەست لێرەدا بریتییە لە لەبیرچونەوە، یاخود بیرهاتنەوە. هەروەها لەكاتی توڕەیدا. (حسن، بدون سنة طبع: ٢٥)

یاخود هەندێكجار كاتێك بیر لە شتێك دەكاتەوە دەستی بە لایەكی سەرییەوە دەگرێت، كردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە بیركردنەوە یاخود بیرهاتنەوە، ورد بونەوە. مرۆڤ زۆرجار لەكاتی بونی كێشە و گرفتدا، دەست بە سەریەوە دەگرێت (بڕوانە شێوەی ژمارە ٨)، یاخود سەری بەشێوەی پاڵدانەوە بەسەر دەستی كەسەكەدا پاڵدەداتەوە، ئەمەش زیاتر كاتێك دەبێت، كە ئەو كەسە هەست دەكات ئاریشەیەكی قورس یاخود بێ چارەسەری توش دەبێت، لێرەدا كردەكە بە واتای وروژاندن، كێشە و گرفت، ناخۆشی یاخود هەست دەربڕین دێت. هەروەها لەكاتی بیركردنەوە و سەرنجدان یاخود فۆكس (تركیز) خستنە سەر شتێك، دەستی بەشێوەی بۆكس پڕدەكات و دەیخاتە ژێر سەری بەتایبەتی لەكاتی قەلەقی (دڵەڕاوكێ)دا.(سبحانە، بدون سنة طبع: ٥٤) كەسەكە دەستی خۆی وەكو سەرینێك لێدەكات و سەری بەسەردا پاڵدەداتەوە، كردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە ناجێگیری باری دەرونی، سەرنجدان، بیركردنەوە، وردبونەوە، هەوڵدان، وروژاندن.

ـ هەندێكجار مرۆڤ لەكاتی تەنگانە و ناخۆشیدا دەكێشێت بەسەری خۆیدا، بەتایبەتی ئافرەتان لە كاتی پرسە یاخود مردنی كەسێك بە هەردو دەست دەكێشن بە بەشی سەرەوەی سەری خۆیان، كە بە واتای ماڵوێرانی و ناخۆشی...هتد دێت، بەتایبەتی لەكاتی شین و ڕۆڕۆدا، لەم بارەدا كردەی مەبەست بریتییە لە شینكردن و نیشاندانی خەمباری، هەست دەربڕین، تازیە و مردن، ناخۆشی، تەنگانە. یاخود لە دورەوە دەكرێ ئاماژە بە كەسێك بدرێت، كاتێك كەسەكە دور بێت و دەنگمان پێی نەگات، ئەوا بەشێوەی ئیشارەت و بە زمانی جەستە ئاماژەكە دەگەیەنین، بەجۆرێك كەسەكە بە هەردو دەست دەكێشێ بەسەری خۆیدا و كەسی بەرانبەر كاتێك ئەمە دەبینێ لە هێما و ماناكەی تێدەگات، كە مەبەستی شتێكی نەرێنی و خراپە، لەم بارەدا كردەی مەبەست بریتییە لە ئاگاداركردنەوەی كەسەكە لە بار یاخود ڕوداوێكی نەرێنی و خراپ، ئاگاداركردنەوە، ناخۆشی.

ـ یەكێكی تر لە ئاماژەكانی سەر، كە بە یارمەتی دەست ئاماژە و واتاكە دەگەیەنرێت، بریتییە لە لێدان لە سەرو گوێوە بە سەری پەنجەكان، كە ئەمەش هەندێكجار دەمی لەگەڵ بەكاردێت و ئەو كەسە دەمی بەلایەكدا خوار دەكاتەوە، دەكرێ دەربڕینێكی ناڕەزایەتی یاخود نەفیشی لەگەڵ بەكاربێت، كردەی مەبەست بریتییە لە ناڕەزایەتی و بە سوك سەیركردنی بەرانبەر، یاخود هەست دەربڕین، لەم بارەدا ئاماژەكە بۆ نیشاندانی نەزانی و نەفامی كەسی بەرانبەر بەكاردێت. بەڵام ئەگەر تەنها دەست بە بەشی سەرەوەی گوێی بهێنێت و بە سەری پەنجە بیخورێنێت،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بێئەوەی هیچ ئاماژەیەکی دەمی یاخود زمانی لەگەڵ بێت بە واتای بیرکردنەوە و تێفکرین دێت.(پیز، ٢٠١٩: ٩٢) کردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە تێڕامان و بیرکردنەوە، وردبونەوە، هەڵسەنگاندن.

ـ خوراندنی بەشی سەرەوەی سەر یاخود پرچ بەسەری پەنجەکان ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوە یاخود سەرسوڕمان، کردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە سەرسام بون یاخود سەرسورمان، بیرکردنەوە. گرتنی سەر بە هەردو دەست دەکرێ چەند ئاماژەیەک بنوێنێت، وەکو هەستکردن بە نەخۆشی، دڵتەنگی لە شتێک، یاخود سەرلێشێوان، یاخود توڕەیی لە شتێک (ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٩١ـ٩٣)، کردەی مەبەست لەم بارانەدا بریتییە لە وروژاندن، ئاگادارکردنەوە، نمایشکردن، نەخۆشی، یاخود لە هەندێک باردا مەبەستی کردەکە نیشاندانی نارەزایەتییە. دانانی هەردو دەست لە پشتی سەر و توندکردنی دەستەکان لە پشتی سەر، بە واتای جۆرێک لە متمانە بەخۆبون یاخود زاڵبون (مسیطر) نیشاندەدات بەتایبەتی لەکاتی دانیشتندا، کردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە زاڵبون و ڕالەخۆبون، هەست دەربڕین، متمانەبەخۆبون، نواندن، بەڵام لەکاتی بەپێوە وەستان و دەستگرتن بە بەشی پشتەوەی سەر و تێکەڵکردنی پەنجەکان بە واتای توڕەییەکی زۆر یاخود لەدەستچونی شتێک دێت.(ابو تلات، ٢٠١٠: ١١١) لەم بارەدا کردەی مەبەست بریتییە لە ئاگادارکردنەوە یاخود پەشۆکاوی و لەدەستچون، خستنەڕو، ناخۆشی، هەستدەربڕین، بێدەسەڵاتی. یاخود لەکاتی ڕودانی شتێکی باوەڕپێنەکراو و چاوەڕواننەکراودا، کەسەکە بە هەردو دەست بەشی پشتەوەی سەری خۆی دەگرێت و بەشێوەی سەرسوڕمانەوە سەیری دیمەنەکە دەکات، کردەی مەبەست لێرەدا بریتییە لە، هەستدەربڕین، سەرسوڕمان.

ـ جوڵەی سەر بەلای ڕاست و چەپ لەگەڵ گوتنی یەک جار (چ) بە واتای نەزانینی وەڵامی پێویست، کردەکەش بە مەبەستی نەزانین، وەڵامدانەوە ئەنجام دەدرێت.

جوڵەی سەر بۆ لای ڕاست و چەپ لەگەڵ گوتنی (چ چ چ) بۆ دەربڕینی داخ و پەژارە، مەبەستی کردەکەش بریتییە لە هەست دەربڕین، داخ و پەژارە، ناڕازیبون، ئاگادارکردنەوە.

جوڵەی سەر لە کۆتایی هەر ڕستەیەکدا، ئاماژەیە بەوەی کە چاوەڕێی وەڵام لە کەسی بەرانبەر دەکرێت، کردەی مەبەست بریتییە لە چاوەڕێکردن، وەڵامدانەوە (ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٧٨)

بەرزکردنەوەی سەر بە ئاڕاستەی ئاسمان و بەشی سەرەوەی جەستە و سەیرکردنی کەسی بەرانبەر واتای ئەوەیە، کە ئەو کەسە چاوەڕێی قسە یاخود کاردانەوەیەک لە کەسی بەرانبەر دەکات، کردەی مەبەست بریتییە لە چاوەڕوانکردن.

ـ هەروەها جۆرێکی تر لە جوڵەی سەر، کە زیاتر بۆ بانگکردن بەکاردێت بریتییە لە جوڵاندنی سەر بە ئاڕاستەی ستونی و بۆ بەشی خوارەوەی جەستە، کردەی مەبەست بریتییە لە بانگکردن. بەرزکردنەوەی سەر چەند جارێک یاخود هەندێکجار یەک جار بە ئاڕاستەی سەرەوە ڕوەو کەسێک سەر بەرزدەکاتەوە، ئەمەش واتای دورکەوتنەوە یاخود برۆ دێت، کردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە ئاگادارکردنەوە، ئاماژەپێدان. هەندێکجار جوڵەی سەر وەکو ئاماژەیەک بۆ دەستپێکردنی کارێک بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە کاتێک کەسێک نیازی ئەنجامدانی کارێکی هەیە و



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

چاوەڕێی ئاماژەی ئەو کەسەیە، کە فەرمانی دەستپێکردنی کارەکە دەردەکات، ئەویش زۆرجار بە ئاماژەیەکی سەر و داگرتنی یەک جاری سەر واتای کاتی دەستپێکردنی کارەکە یاخود ئەنجامدانی دەگەیەنێت (بڕوانە شێوەی ژمارە ٢)، کردە مەبەست لێرەدا بریتییە لە ئاگادارکردنەوە و دەستپێکردن، یاخود ئاماژەپێدان. یاخود سەری بە لایەکدا با دەدات، واتای دەستپێکردن یاخود دەرچون بۆ ئەنجامدانی کارەکە دەگەیەنێت، کردەکە لەم بارەدا بە مەبەستی ڕازیبون یاخود دەستپێکردن و ئاگادارکردنەوە دەبێت.

## ٢-١-٢ پرچ (قژ)

یەکێکی تر لە ئەندامەکانی سەر، کە بەشدارە لە دەربڕینە نازمانییەکان و گەیاندنی پەیام و واتا خواستراوەکان، بریتییە لە پرچ (قژ)، کە سەرەڕای ئەوەی بۆ لایەنی جوانی و سەرنجڕاکێشی بەکاردێت و سیمایەکی جوان بە مرۆڤ دەبەخشێت، دەکرێ هەڵگری پەیام و واتای جیاواز بێت، مرۆڤ زۆرجار لە ڕێگەی شێوازی داهێنانی قژی یاخود لەرێگەی دەستییەوە یاری بە پرچی دەکات و ئاماژە و مەبەستی خۆی بە گوێگر یاخود کەسی بەرانبەر دەگەیەنێت. مەرج نییە ئەو دەلالەت و واتایانە لە هەمو کلتور و کۆمەڵگاکان هەمان واتا بگەیەنن، دەکرێ ئەو دەلالەتەی دەیگەیەنێت لە کۆمەڵگایەک بۆ یەکێکی تر جیاواز بێت، هەروەها لە هەمان کۆمەڵگاش دەکرێ جیاوازبێت لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا. پرچی مرۆڤ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خودی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی هەیە، بەتایبەت پرچی ئافرەتان، لە کۆندا ئەگەر شێوازە تەقلیدییەکەی وەربگرین پرچی درێژ هێمای جوانی و سەرنج ڕاکێشییە (بڕوانە شێوەی ژمارە ١) کردەی مەبەست لێرەدا بریتییە لە خۆنمایشکردن و نیشاندانی جوانی و سەرنجڕاکێشی و وروژاندن، بەڵام بە تێپەڕبونی کات واتا و دەلالەتەکانی پرچ گۆڕانکاری بەسەرداهات، لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی و سەرەتا و بیستەکانی سەدەی بیستەمیش، پرچی کورت هێمای ئازایەتی و خۆڕاگری و جۆرێک بو لە ئازادی و پەیوەستنەبون بەنەریت و ئادابە باوەکانی کۆمەڵگاوە، لەم بارەدا کردەکە بەواتای بێمنەتی و بەرپەرچدانەوە، ڕەتکردنەوە و پەیوەست نەبون و نیشاندانی ئازایەتی دێت، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا کاتێک کچێک پرچی وەکو کوڕ لێدەکات، زیاتر وا نیشان دەدات، کە هەستێکی کوڕانەی هەیە، ئەویش لەڕێگەی ئەنجامدانی ئەو یاری و چالاکییانەی کە زیاتر تایبەتن بە کوڕان، کردەی مەبەست لێرەدا بریتییە لە هەست دەربڕین و ڕەتکردنەوە و خۆدەرخستن، یاخود هەندێکجار وەکو ڕەتکردنەوەی شێوازە تەقلیدییەکەی ئافرەتان، کە زیاتر پرچی درێژ یاخود نیمچە درێژە، لەم بارەدا کردەی مەبەست بریتییە لە ڕەتکردنەوە و بەرپەرچدانەوە، ناڕازیبون. بەشێوەیەکی گشتی پرچ لای ئافرەتان هەڵگری کۆمەڵێک پەیام و واتایە.(بیز، ١٩٩٧: ١٩٩)، کە ئەو ئافرەتە دەیەوێت بیگەیەنێت بە کەسانی چواردەوری، جا پەیامەکە نیشاندانی ناخۆشی و خەمباری بێت یاخود لەدەستچون، لەم بارەدا کردەی مەبەست بریتییە لە نیشاندانی خەمباری و بێهیوایی و نائومێدی، هەست دەربڕین، لە دەستدان. (ژنان لەڕێگەی بەکارهێنانی قژیانەوە چەندین مەبەست دەگەیەنن، بۆ نمونە: قژبادان و دەست خستنە ناوقژ بە مەبەستی خۆبەجوان زانین و بڕوابەخۆبون و بەکەم زانینی بەرانبەرە)(محەمەد، ٢٠١٣: ٨١) کردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە ئاگادارکردنەوە،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

خۆنواندن، بڕوا بەخۆبون، سەرنجڕاکێشان. دەکرێ هەندێکجار یاریکردن بە پرچی یاخود دەست خستنە ناو پرچی ئاماژە بێت بۆ ڕەگەزی بەرانبەر و بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی ئەو کەسە ئەنجام بدرێت. شێوازی پرچی کەسەکە پەیام و واتایەکە ڕوندەکاتەوە، یاخود هەندێکجار دەکرێ لەڕێگەی پرچ و سەری ئەو کەسەوە دەستنیشانی حاڵەتی نەخۆشی بکرێت، ئەویش بە نەمان یاخود کەوتنی پرچی کەسەکە، بەتایبەت لە نەخۆشانی شێرپەنجەدا، لێرەدا پرچ ڕۆڵی زمان دەبینێ و لەبری ئاخاوتنە زمانییەکە واتا و دەلالەتەکە دەگەیەنێت، کردەی مەبەست بریتییە لە دەستنیشانکردن و وروژاندن، نەخۆشی، ئاگادارکردنەوە. جیا لە بارە جەستەییەکان و حاڵەتی نەخۆشی، زۆرجار پرچ دەکرێ بارە جیاوازە دەرونییەکانیش نیشان بدات، بۆ نمونە (کردنەوەی قژو بەردانەوەی، ئینجا بەستنەوەی نیشانەیە بۆ دڵەڕاوکێ و شپرزەیی، سەرپۆش یاخود فەقێیانە کردنەوە و بەستنەوەی دیسان هێمایە بۆ ناجێگیری باری دەرونی لە ژندا) (ئیبراهیم، ٢٠٠٤:٤٠) کردەی مەبەست لێرەدا بریتییە لە نیشاندانی دڵەڕاوکێ و شپرزەیی یاخود ناجێگیری دەرونی، هەست دەربڕین لە هەندێک باردا. بڕینی قژ کە ئافرەتان زۆرجار لەکاتی ناخۆشیدا پەنای بۆ دەبەن، یاخود لەکاتی پرسە و بارێکی ناخۆشیدا بە هەمانشێوە پرچ ڕۆڵی لە گەیاندنی پەیام و دەلالەتەکاندا هەیە، لێرەدا کردەی مەبەست بریتییە لە هەست دەربڕین، مردن، نیشاندانی ناخۆشی و خەمباری و هەندێکجار نیشاندانی خۆشەویستی دەگەیەنێت. یاخود لە کاتی ناجێگیری باری دەرونی هەندێک کەس پرچی دەخاتە دەمی و بە لێو یاخود ددانی یاری پێدەکات، هەندێکجار لە کاتی شەرم کردن بەتایبەتی لای ئافرەتان ئەم جوڵە و ئاماژانە دوبارەدەکرێنەوە، کردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە ناجێگیری باری دەرونی و شەرمکردن یاخود هەست دەربڕین، وروژاندن.

- یەکێکی تر لە ئاماژەکان، کە لەڕێگەی پرچەوە دەگەیەنرێت، بریتییە لە ڕەنگکردنی پرچ کە زۆرجار هەڵگری کۆمەڵێک پەیام و مەبەستە، بۆ نمونە بۆ سەرنجڕاکێشانی کەسی بەرانبەر یاخود چواردەوری خۆی ئافرەت هەندێکجار پەنا دەباتە بەر ڕەنگکردنی پرچی بە ڕەنگە دیار و سەرنجڕاکێشەکان لەوانە ڕەنگی سور و سەوز و زەرد...هتد، لەم بارەدا کردەی مەبەست بریتییە لەخۆنواندن، سەرنجڕاکێشان، هەست وروژاندن. یاخود کاتێک کارێکی نوێ دەستپێدەکات ڕەنگی قژی دەگۆڕێت، دەکرێ بڵێین ئافرەت هەرکات بیەوێت گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات، یەکەم شوێن، کە بیری لێدەکاتەوە پرچییەتی و گۆڕانکارییەکە لە پرچی ئەنجام دەدات، جا چ بە ڕەنگکردنی بێت یاخود بڕین و کورتکردنەوەی یاخود گۆڕینی شێوازەکەی...هتد، مەبەستی کردەکەش بریتییە لە گۆڕانکاری و جیاوازی. زۆرجار ڕەنگی سروشتی پرچ دەکرێ هەڵگری پەیام و واتا بێت، بۆ نمونە کاتێک کەسێک بە گەنجی سەری سپی دەبێت، جیا لە هۆکارە بۆماوەییەکە یاخود هۆکارە بایۆلۆجییەکە هەندێکجار هێمایە بۆ بونی کێشە و زۆری خەمخواردنی ئەو کەسە زۆرجار لەڕێگەی دەربڕینەوە ئاماژەی پێدەکات بۆ نمونە (خەمی فلان سەری سپی کردم...هتد) یاخود هەندێک پێیانوایە سپیبونی سەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە لایەنی دەرونییەوە هەیە، وەکو هەڵچونە لەناکاوەکان هەروەها ناجێگیری باری دەرونی...هتد([https://ar.wikipedia.org/wiki/شیب](https://ar.wikipedia.org/wiki/شیب)) کردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە خەمخواردن، ناجێگیری باری دەرونی، هەست دەربڕین، وەسفکردن. هەرچەندە بەشێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو کەسانەی لە ماوەیەکی زوی تەمەنیان پرچیان سپی دەبێت



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

کەسانی زیرەک و لێهاتون، بەڵام بەشێکی تر پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن و پێیانوایە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ڕەنگی پرچ و ڕادەی زیرەکی کەسەکان نییە.

**٢-١-٣ مل**

مل ئەندامی پێکبەستنەوەی سەری مرۆڤە لەگەڵ جەستەی، ئەمیش بەهەمانشێوە لە دەربڕینە نازمانییەکان بەشداری دەکات و وەکو ئەندامێکی زمانی جەستە ڕۆڵ دەبینێت. مل لەگەڵ سەر پێکەوە ئاماژە و مەبەستەکان دەگەیەنن، بۆیە دەکرێ ئەویش بەشدار بێت لە ناردنی پەیام و جوڵە جەستەییە واتادارەکان.

هەندێکجار جیا لە سەر، مل لەگەڵ ئەندامەکانی تری جەستە پەیام و واتاکە دەگەیەنن، بۆ نمونە: زۆرجار ئەو کەسەی هەستدەکات کارێکی ناجۆری کردوە، خۆی ئەوە دەسەلمێنێ، کە شیاوی ڕەخنەیە، ئیدی ئەم هەستە بە فرمانی نەست بە دەستێکی دەکێشێ بە شوێنێکی سەریدا، ئەو شوێنانەش لە چوار خاڵدا دەبینرێن:

١- لە لایەکی ڕومەتی خۆی دەدات.

٢- دەکێشێ بە ناوچەوانی خۆیدا.

٣- دەکێشێ بە تەپڵی سەری خۆیدا.

٤- دەکێشێ بە پشتە ملی خۆیدا. (مینە، ٢٠٠٤، ١٦٢)

کردەی مەبەست لەم بارانەدا بریتییە لە پەشیمانی، ئاگادارکردنەوە، تەعبیری، وروژاندن، سەرنجڕاکێشان، دڵنیایی، سەرزەنشتکردن، هەستدەربڕین (بڕوانە شێوەی ژمارە ٩).

لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆرجار لەکاتی قسەکردندا ئەو کەسەی دەکێشێ بە پشتەملی یاخود لا ملی خۆیدا، بەمەبەستی جۆرێک لە دڵنیاییدان بە کەسی بەرانبەر، یاخود لەکاتی گرەوکردن و چەندین کاتی تر، کە ئەمە زۆرجار لەگەڵ هەندێک دەربڕینی وەکو (ئۆباڵت بە ملم، ئۆباڵت بە گەردنم...هتد) بەڵام دەکرێ هەندێکجار دەستگرتن بە مل یاخود دەستدان لە مل هێما بێت بۆ ئازار یاخود نەخۆشی و ژانی مل، کردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە دڵنیاییدان، بەڵێندان، گرەوکردن، هەستدەربڕین، نمایشکردن.

- یەکێکی تر لە ئاماژەکانی مل، کە لەڕێگەی دەستەوە بە جێدەگەیەنرێت، بریتییە لە خوراندنی مل، لەم حاڵەتەدا سەری پەنجەی لەسەر ملی یاخود خواری گوێی دادەنێت یاخود دەیخورێنێت، ئەم جۆرە نیشانەی ئاماژەی سەرنجدان دەدەن بە دەستەوە، واتا کەسی بەرانبەر کاتێک قسەی بۆ دەکەیت، ئەم نیشانەیە بکات بە واتای سەرنجڕاکێشان دەبێت بۆ قسەکانت (بڕوانە شێوەی ژمارە ٥)، کردەکەش بۆ هەمان مەبەست ئەنجام دەدرێت، کە بریتییە لە سەرنجدان لە قسەی کەسی بەرانبەر، گوێگرتن، بە هەندوەرگرتن، وروژاندن، بەڵام تێبینییەک هەیە لەم جۆرە حاڵەتە ئەگەر لەکاتی قسەکردندا کەمتر لە سێ جار بو، مانای سەرنجڕاکێشان دەبێت، بەڵام ئەگەر لە سێ زیاتر بو، ئەوا دەکەوێتە قاڵبی گومان، واتە گومان بۆ قسەکانت هەیە. (گراوی، ٢٠١٩: ٦٧)، لەم بارەدا کردەی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

مەبەست بریتییە لە گومانكردن، بێڕێزیكردن. یاخود هەندێک کەسی تر پێیانوایە زیاتر لە سێ جار شتێكی ئاساییە و تاوەكو پێنج جاریش بە بارێكی ئاسایی دادەنرێت، بەڵام ئەو کەسەی مل دەخورێنێت زۆرجار دەگمەنە لە پێنج جار زیاتر بێت و دەگمەنیشە لە پێنج جار کەمتر بێت، ئەگەر وابو ئەوا مانای وایە کەسەکە گومانی هەیە و دودڵ و ڕاڕایە. (پیز، ٢٠١٩: ٨١)، واتە زیاتر لە پێنج جار گومان دەخاتە سەر قسەکان و جۆرێک لە دودڵی و باوەڕنەبون نیشان دەدات، مەبەستی کردەکە لەم بارەدا بریتییە لە گومانکردن، دودڵی، باوەڕنەکردن، هەست دەربڕین. هەندێکجار پشتەمل هەڵکڕاندن، بە واتای دڵنیانەبون یاخود لەوانەیە ئەو کەسە دڵنیانەبێت لە بڕیارێک، بەڵام زۆرجار ئەم هێمایە بۆ ڕێونی لە گوێگر بەکاردێت، بەتایبەتی کاتێک درۆ و هەڵخەڵەتاندن لە کایەدا بێت، ئەمەش لەلایەن کەسانی درۆزنەوە دەکرێت، تەنیا بۆئەوەی سەرنجی بەرانبەرەکەی بەرێت بەو لایەدا و دوری بخاتەوە لەو هێما و نیشانانەی تر، کە زۆرتر واتای درۆ دەگەیەنن. لە کەلتوری کوردەواریشدا دەڵێن: پشت ملی خۆی لێهەڵکڕاند، واتا پێوەی نا و خەریکە درۆدەکات.(مینە، ٢٠٠٧: ٥٩)، کردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە ڕاڕایی و دو دڵی، درۆکردن، هەڵخەڵەتاندن، فێڵکردن، وروژاندن (بڕوانە شێوەی ژمارە ٧) هەرچەندە مەرج نییە هەمو جارێک مل خوراندن و دەست بردن بۆ مل لەکاتی قسەکردندا واتای درۆکردن بگەیەنێت. یاخود داپۆشینی بەشی پێشەوەی مل و لای قوڕگ، کاتێک مرۆڤەکان گەردنی خۆیان بە دەستییان دادەپۆشن، بەزۆری ئەوە جوڵەیەکی سروشتی خۆنەویستە و ڕەنگدانەوەی هەستیارییە، هەندێکجاریش ئەو هەستیارییە دەرئەنجامێکی سروشتی درۆکردنە، بەزۆری دوای ئاشکرابونی درۆی کەسێک، ئەو نیشانەیە دەردەکەوێت.(گلاس، ٢٠١٨: ١٥٢)، یاخود هەندێکجار کەسەکە بە سەری پەنجەکانی بەشی پێشەوەی ملی خۆی دەخورێنێ و جۆرێک لەبزە یاخود پێکەنینی لەگەڵ دەکات، کردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە شاردنەوەی درۆ، هەڵخەڵەتاندن، فێڵکردن.

ـ كاتێک دەست بەشێوەی بۆکس پڕدەکرێت و دەخرێتە ژێر مل و بەشێک لە چەناگە، جۆرێک لە بیرکردنەوەو داڵغە لێدان دەنوێنێ، کردەی مەبەست لێرەدا بریتییە لە بیرکردنەوە، وردبونەوە و تێفکرین. خوراندنی پشتی مل بە لای خوارەوەی جەستە، کاتێک کەسەکە وا هەستدەکات، کە کارەکە یاخود بارودۆخەکە خەریکە لە دەستی دەردەچێت، یاخود لە دەستی دەرچوە، یاخود کاتێک بارودۆخێکی بێزارکەر ڕوی تێدەکات.(سبحانە، بدون سنة طبع، ٢٥)، کردەی مەبەست لەم بارەدا بریتییە لە بێزاری، لە دەستچون، هەست دەربڕین. هەروەها دەستدان لە بەشی پێشەوەی مل و خوراندنی بەسەری پەنجە بە واتای قەلەقی و دودڵی یاخود هەندێکجار بە واتای بیرکردنەوە دێت.(التحریر، ٢٠١٩، موقع النجاح) و کردەکە بریتییە لە ناجێگیری دەرونی، هەست دەربڕین، دودڵی، بیر کردنەوە، قەلەقی.

هەروەها لەکاتی شەڕ و ناخۆشیدا کاتێک کەسێک بیەوێت هەڕەشە لە کەسێکی تر بکات، بە دەستی ئاماژە بە بەشی پێشەوەی مل دەکات و وەکو چەقۆ یاخود ئامێرێکی بڕین دەینوێنێ، کە مەبەستی سەربڕین و هەڕەشەکردنە، کردەی مەبەست لەم بارانەدا بریتییە لە هەڕەشەکردن، ترساندن، بێڕێزی، ئاگادارکردنەوە، توڕەیی، شەڕ و ناخۆشی، خۆی لە بەرانبەریدا بە بەهێز دەزانێت یاخود هەندێکجار بۆ ترساندن و نیشاندانی هێزی خۆی بەکاردێت (بڕوانە شێوەی ژمارە ١٠).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

هەرچەندە ئاماژەکانی سەر زۆرن و دەکرێ بڵێین مرۆڤ تەنها لەڕێگەی جوڵەی سەرەوە چەندین ئاماژە و دەلالەت دەگەیەنێت، بە یارمەتی زمانی دەربڕین و هەندێکجار وەکو جێگرەوەی زمانی دەربڕین و توخمە دەنگییەکان کاردەکات و کەسەکان دەتوانن لەڕێگەی هێماکا و ئاماژەکانی سەرەوە واتا و مەبەستەکانیان بەیەکتربگەیەنن یاخود کەسی بەرانبەر ئاگاداربکەنەوە، هەندێکجاریش بە یارمەتی ئەندامەکانی تری جەستە واتا و مەبەستەکەی دەگەیەنێت.

## ئەنجام:

١ـ تیۆری کردە قسەییەکان، کە بە یەکێک لە کەتیگۆریەکانی زانستی پڕاگماتیک دادەنرێت. بەپێی ئەم تیۆرە، خودی قسەش بە کردار دادەنرێت، هەروەها کردە قسەییەکانیش خاوەنی کۆمەڵێک سیما و تایبەتمەندی و مەرجی تایبەت بە خۆیانن، کە جیای دەکاتەوە لە بابەتەکانی تری زمان بە گشتی و لقەکانی پڕاگماتیک بەتایبەتی.


٢ـ کردە قسەییەکانیش پۆلینی جیاوازی بۆ کراوە و دابەشدەکرێت بۆ چەند جۆرێک، لەوانە: (کردەی قسەیی ئاشکرا، کردەی قسەیی نائاشکرا (شاراوە)، کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ، کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ...هتد).

٣ـ سەر، کە بە یەکێک لە ئەندامەکانی جەستە دادەنرێت، سەرەڕای بەشداری لە دەربڕینە زمانییەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو لە دەربڕینە نازمانییەکانیش بەشداری دەکات و لە گەیاندنی واتادا ڕۆڵی هەیە. هەروەها بەشەکانی سەر کە (پرچ، مل) دەگرێتەوە بەهەمانشێوە لە دەربڕینە گۆنەکراوەکاندا ڕۆڵ دەبینن.

٤ـ ئاماژە و جوڵەکانی سەر زۆر و جیاوازن، هەر یەکێکیان بۆ مەبەست و ئامانجی جیاواز ئەنجام دەدرێن، هەندێکیان زیاتر لە واتا یاخود مەبەستێک دەگەیەنن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## پاشکۆی وێنەکان:



شێوەی ژمارە (١)



شێوەی ژمارە (٢)




شێوەی ژمارە (٣)



شێوەی ژمارە (٤)



شێوەی ژمارە(٧)




شێوەی ژمارە(٦)




شێوەی ژمارە(٥)



شێوەی ژمارە (٨)



شێوەی ژمارە (٩)



شێوەی ژمارە (١٠)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# Speech Act Analysis for Head Movement and Gesture

**Mariwan Asaad Samad**
Kurdish Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Mariwan.asad@koyauniversity.org

**Nawzad Anwer Omar**
Kurdish Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Nawzad.anwer@koyauniversity.org

**Abstract:**

This research, is entitled (Speech Act Analysis for Head movement and gesture) this study is an attempt to analyze movement and gestures one of the parts of the humans body, which is Head, depending on the conditions and rules of the Speech Acts theory.

The research consists of the introduction and two parts as follows:

**The first part**: This part is devoted to the Speech Act theory, highlighting the history of the theory and the diagnosis of its most important features, with a number of classifications for main parts of this theory.

**The second part**: This part is a practical part, which includes a number of movement or Head gestures. We analyzed the gesture or movement according to the theory of Speech Acts and applied the theory to all Head movement with specify the goals of each movement and head gesture.

And the search ended with the most important results, with a list of sources.

**Keywords:** Direct Speech Acts, Body Language, Indirect Speech Acts, Head, Illocutionary Act.

## سەرچاوەکان:


پیز، ئالن (٢٠١٩)، زمانی جەستە، و. دانا نادر، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

فتاح، محمد معروف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.

فەتاح، محمد معروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردن: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

گراوی، ڕەنجدەر خالد (٢٠١٩)، زمانی جەستە، چاپخانەی طهران، چاپی دوەم، هەولێر.

گلاس، لیلیان (٢٠١٨)، زمانی جەستەی درۆزنەکان، و. ئیبراهیم بەهائوددین، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی.

موشیر دزەیی، عبدالواحید (٢٠١١)، زانستی پراگماتیک، چاپخانەی پاک، چاپی یەکەم، هەولێر.

مینە (٢٠٠٤)، زمانی جەستە، پەیوەندییە گۆنەکراوەکان، وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەرێمی کوردستان.

مینە (٢٠٠٧)، زمانی جەستە، درۆ و هێماکانی درۆکردن، چاپخانەی ئاوێنە.

مەحمود، ئاڤێستا کمال (٢٠٠٩)، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

ناوخۆش، سەلام (٢٠١٠)، زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسیی کوردی، چاپخانەی منارە، چاپی دوەم، هەولێر.

ئیبراهیم، حەسەن عەلی (٢٠١٥)، داواکردن و ڕەتکردنەوە لە زمانی کوردیدا بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان، هەولێر

ئیبراهیم، شیلان رحیم (٢٠٠٤)، شێوازی قسە کردنی ژن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زمان، سلێمانی.

ئەحمەد، شنە ابوبکر (٢٠٠٨)، زمانی جەستە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان، هەولێر.

تۆفیق، قیس کاکل (١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیجی ئاداب، هەولێر

سەعید، ناز ئەکرەم (٢٠١٣)، کردە قسەییەکان (هێورکردنەوە لە دەربڕیندا)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، سلێمانی.

محەمەد، دارا حمید (٢٠١٢)، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی پەروەردە-کەلار، سکوڵی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، سلێمانی.

محەمەد، پێشکەوت مەجید (٢٠١٣)، ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سکوڵی زمان، سلێمانی.

محەمەد، ژیان عبدالله (٢٠١٤)، واتای ڕستە و ڕۆڵی لە کردەی پەیوەندیکردندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی پەروەردە، هەولێر.

مستەفا، نەزیرە سابیر (٢٠١٨)، پراگماتیک و شێوازگەری، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، هەولێر.

تۆفیق و مستەفا، قیس کاکل و م.پەروین عوسمان (٢٠١٨)، کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان لە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (١) ژمارە (٢)، هەولێر.

محمد و محمد، د.حاتم وليا و ژيان عبدالله (٢٠١٥)، پێکهێنانی زانياری کرده قسەييەکان، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤايەتييەکان، بەرگی (١٩) ژماره (٤)، سلێمانی.

ابو تلات، مستور سالم (٢٠١٠)، اسرار لغة الجسم، وكيفية ادارة الجسم البشري، مطبعة سامي، الآسكندرية.

اوستين، (١٩٩١)، نظرية افعال الكلام العامة (كيف ننجز الأشياء بالكلام)، ت/ عبدالقادر قينيني، افريقيا الشرق.

بيز، الن (١٩٩٧)، لغة الجسد، ت/ سمير شيخاني، الدار العربية للعلوم، بيروت.لبنان.

حسن، كامل سرمك، (بدون سنة طبع) ، لغة الجسد والإيتيكيت في العمل الاداري، بغداد.

سبحانه (بدون سنة طبع)، محمد عبدالرحمن، دليل علم لغة الجسد.

عقيل، محسن (٢٠١٠)، موسوعة الفراسة في معرفة لغة الجسد، دار المحجة البيضاء، الطبعة الآولى، بيروت.لبنان.

ميسنجر، جوزيف (٢٠٠٧)، لغة الجسد النفسية، ت/ محمد عبدالكريم ابراهيم، دار العلاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة، الطبعة الآولى، دمشق.سورية.

هاجن، شيلى (٢٠١٧)، كل شئ عن لغة الجسد، مكتبة جرير، الطبعة الآولى.

يونس، محمد محمد (٢٠٠٤)، مدخل الى اللسانيات، دار الكتاب الجديدة، طبعة الاولى، ليبيا.

بن عودة، باجي (٢٠١٢)، الأفعال الكلامية في خطب الشيخ البشير الابراهيمي، رسالة الماجستير، جامعة السانيا وهران/ كلية الأداب واللغات والفنون، الجزائر.

حليمة، صدوق شريف (٢٠١٨)، نظرية افعال الكلام بين التراث العربي والمناهج الحديثة، رسالة الماجستير، جامعة الدكتور مولاي الطاهر.سعيدة/ كلية الأداب واللغات والفنون/قسم الأداب، الجزائر.

الخطيب، محمد شريف الشيخ صالح (٢٠٠٦)، لغة الجسم في السنة النبوية، رسالة دكتوراه، الجامعة الاردنية، كلية الدراسات العليا، الاردن.

سمية و كلثوم، بابا حيدة و باقومة (٢٠١٧)، نظرية الأفعال الكلامية بين التراث العربي والمناهج الجديدة، رسالة الماجستير، جامعة احمد دراية . أدرار/ كلية الأداب واللغات، الجزائر.

قرقر، انس احمد ابراهيم، (٢٠١٧)، لغة الجسد في التعبير القرآني، رسالة دكتوراه، جامعة اليرموك، كلية الآداب، الآردن.

مدور، محمد (٢٠١٤)، الأفعال الكلامية في القرأن الكريم، رسالة دكتوراه، جامعة الحاج لخضر.باتنة/ كلية الأداب واللغات، الجزائر.

بلخير و بوعياد، عمر و نوارة (٢٠١٢)، تصنيف الآفعال الكلام في الخطاب الصحافي الجزائرى المكتوب باللغة العربية، مجلة الأثر، العدد: ١٣، الجزائر.

بوزوادة، حبيب (٢٠١٣) ظاهرة الآفعال الكلامية في الخطاب النبوي.مقارنة تداولية لخطبة حجة الوداع، مجلة الجذور، العدد (٣٥)، الجزائر.

جلولي، العيد (٢٠١١)، نظرية الحدث الكلامي من اوستين الى سيريل، مجلة الأثر، العدد الخاص، الجزائر.

حسين دزەيى، دلخوش جاراللە (٢٠١٧)، الأفعال الكلامية ونماذجها التطبيقيه في القرأن الكريم، گۆڤاری توێژەر ژماره (٠)، هەولێر.

عبدالسلام، الاستاذة يسمينة (٢٠١٤)، نظرية الأفعال الكلامية في ضل اوستين، مجلة المخبر، العدد العاشر، الجزائر.

محى الدين، دلخوش رفيق (٢٠٢٠)، الآفعال الكلامية في قصص النساء في القرأن الكريم، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (٣) ژماره (١)، هەولێر.

حاتمى نژاد، حسين (بدون سال)، پراگماتيسم، روزنامه سپهر، دوره بيستهم، شماره هفتاد و نهم، طهران.

طبرى، رفيق احسان (١٣٨٣)، شمه اى درباره نشانه شناسى يا سميوتيک، انتشارات حزب توده ايران، چاپ دوم، طهران.

Austen, J.L. (1962), How to do things with Words, Oxford: Oxford University Press–Britain.

Alzeebaree and Yavuz, Yaseen and Mehmet Ali (2017), Realization of the Speech Acts of Request and Apology by Meddle Eastern EFL Learners, Eurasia journal of Mathematics, Science and Technology Education, ISSN: 130–٥8223(online), 2017, Iraq.

Ambroise, Bruno (2010), From Speech Act Theory to Pragmatics, HAL Id: halshs-00514810.

Darweesh and Mehdi, Prof. Dr. Abbas Deygan and Wafaa Sahib (2016), Investing the Speech Act of correction in Iraqi EFL context, Journal of Education and Practice, Vol: 7. No: 7. 201٦, Iraq.

Drid, Dr. Touria (2018), Language as Action: Fundamentals of the Speech Act Theory, Kasdi Merbah University, Praxis international journal of social science and Literature, Vol:1, Issue: 10, 2018, Algeria

Gasparatua, Renia (2018), How to do things with Words: Speech Acts in Education, University of Patras, Greece.

Levinson, Stephen C. (1983), Pragmatics, Cambridge–London.

Searle, John R. (1979), Expression and Meaning Studies in the theory of Speech Acts, Cambridge: Cambridge University Press.

Whelpton, Matthew James (2011), Speech Act Theory A Critical Overview, Haskoli Islands, Hugvisindasvio–Enska.

Smith, Peter Wilferd Hesling, (1991), Speech Act Theory Discourse Structure and indirect Speech Acts, (Doctora), University of Leeds.